هاوکاری

التضامن

ژمارە ١٥٨ ١٦-٣-١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

بەنەفوس ٢٠٣٦٧

عیراق لە کۆبونەوەی یەکێتی ئەندازیارانی عەرەبدا بەشدار ئەبێ

دوێنی وەفدێکی نەقابەی ئەندازیارانی عیراق بەرەو قاهیرە کەوتە ڕێ بۆ بەشدار بوون لە کۆبونەوەکانی یەکێتی ئەندازیارانی عەرەب کەبڕیار وایە لە ١٧و ١٨ی ئەم مانگەدا دەست پێبکات. وەلەو کۆبونەوانەدا سەرۆکی یەکێتیو ئەندامانی مەلتەبی نەنفیزی هەڵئە بژێردرین. وە وەفدەکەی عیراق بەسەرۆکایەتی عبدالستار الراوی سکرتێری نەقابەی ئەندازیارانی عیراقو ئەندامێتی عیسی العزاوی سەردار عبدالرحمن بوە.

ئا.د.ع

سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بەکر سەرپەرشتی جەژنی دارودرەختی کردوە

ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردوو لەجیاتی سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر، کاك محمد محمود عبدالرحمن وەزیری کاروباری ژوورو سەرپەرشتی ئەو ئاهەنگەی کرد کە لە باخچەی الرورا لەبەغدا بەبۆنەی جەژنی دارو درەختەوە گێڕدرا. وەزیری کاروباری ژوورو لە ئاهەنگەکەدا باسی گرنگی دارو درەختی کردوەو وتویە کە نەخشەیەك بەدەستەوەیە بۆ چاککردنو پەرەپێدانی دارستانو باخ لە ژووروی ولاتداوە مەلبەندێکی مەشق کردنی پیشەیی دارسەتان لە شاری هەولێر بۆ ئەم مەبەستە دائەمەزرێت.

ئا.د.ع

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

کوردستان خۆی بۆ جەژنی نەوروز ئەرازێنێتەوە

دابەش کردنی «٥٨٦٣١» دونم زەوی بە سەرمالە جوتیار لە کوردستانا

شۆڕشگێڕانی خلیج سێ فرۆکەی بەریتانیا ئەسوتێنن

پاراستنی دەستکەوتی یەکی ئازار ئەرکی سەرەتایی هێزە نیشتمانیە ڕووەڕو پێشکەوتنخوازەکانی گەلی عیراقە

وەکو ئەزانین سەرکەوتنی پیرۆزی یەکی ئازارو مل کەچبونی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ئیمپریالیزم لە ئاستی مافەڕەواکانی گەلی عێراقدا تا ئێستا لە هەموو دنیادا دەنگ ئەداتەوە، بەتایبەتی لەنێوان گەلانی رزگاربوو تازەرزگار بوودا کە تائێستا بەدەست کۆمپانیای ئیمپریالیستەکانەوە ئەناڵێنن و بەشێك لە ئابوری ولاتەکانیان بە کۆتو زنجیری ئەو کۆمپانیانە توندکراوەو بە پاشکۆی ئابوری ئەم دەوڵەتەو ئەو دەوڵەتی ڕۆژئاواوە بەستراوەتەوە.

دەنگدانەوەی ئەم سەرکەوتنە هەر لەبەر ئەوە نیە کە گەلی عێراق لەمەولابەسەربەستی هەمودراوی نەوتی کەرکوك و موصل بۆ قازانجی خۆی ولە پێناوی پێشکەوتنی ئابوری ولاتو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی عێراقدا بەکار ئەهێنێ بەلکو لەبەر ئەوەشە کە ڕێبازێکی سەرکەوتووانەو دەرگایەکی تازەی بۆ گەلانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین خستە سەرپشتو هەموو درۆو دەلەسەو چاووراوەکانی دەزگاکانی پروپاگەندەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بەدرۆ خستەوە کە هەمیشە ئەو ئاوازەیان لێئەدا کە دەوڵەتی بچوك و تازە پێگەیشتوو دەسەڵاتی دەرهێنان و گواستنەوەو فرۆشتنی نەوتی نیەو هەر هەنگاوێك بەرەو ئەم ئامانجە بنێت بۆی ئەبێت بەکوێرەوەری و سەرگەردانی و مایەپوچی.

بەڵام ئێستا کە حکومەتی نیشتمان پەروەری عیراق بە پشتیوانی گەلی عیراقو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ناچارکرد دان بەمافە ڕەواکانماندا بنێن ئیتر بە سەربەستی هەموو گەلو حکومەتێکی نیشتمان پەروەری تر لە دنیادا ئەتوانێت بیر لە میللی کردنی موڵك و سامانی خۆی بکاتەوە کە تائێستا گیرۆدەی دەستی ئیمپریالیزمو دەزگا ئابوریەکانیانن. واتا ئەم هەنگاوە بەرزە پیرۆزەی عێراق هەر لەیەکی حوزەیرانەوە تایەکی ئازار بوو بە چەکێکی بەسامی کاریگەر دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی دنیا هەروەکو بو بە خێوەتێکی ڕەنگینی جوان هەموو گەلانی دنیا لە سێبەریا ئابوری خۆیانی لەژێر سێبەریا لەدەست ئیمپریالیزمو بێگانە دەربهێنن و گەشەی پێبکەن لەپێناوی خێرو خۆشی خۆیانا بەکاری بهێنن.

بەڵام دەربارەی ولاتی خۆمان، پێش هەمو شتێك ئەبێ ئەوە بزانین کە ئیمپریالیزمو کۆمپانیا مۆنۆپۆلە چاوبرسیەکانی هەرگیزاو هەرگیز تا لەسەر ڕووی زەمین مابن دەست لەگەلان هەڵناگرن بۆیە پێویستە ئەم دەستکەوتە بەنرخەو هەموو دەستکەوتەکانی تری گەلی عیراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتی یەکانیەوە وەك بیلبیلەی چاومان بی پارێزین و تادێت بەرەو پێشیان بەرین و شورەی قایم تریان بەدەوردا بکێشین. وە لەلایەکی ترەوە وەکو ئەزانین سەرکەوتنی ئەمە ئاسێریەکی ڕوناکی لەمەیانی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابوری عیراقدا خستۆتە بەرچاو بۆیە پێویستە بەپێی نەخشەیەکی زانستی ڕاستو لەسەر بنچینەیەکی سوشیالیستی زانستی ئابوری عێراق ڕێك بخرێت وە لەم نەخشانەدا وەزعی ئالەباری کوردستان بخرێتە پێش چاو وە ببێتە مایەی بەختیاری و خۆش گوزەرانی کۆمەڵگای عیراق وە ڕەنجبەرانی کوردو عەرەبو کەمایەتی یەکان لە بێکاری و برسێتی و نەخۆشی و کوێرەوەری ژیان ڕزگاریان ببێت و کۆمەڵانی خەڵکی لەژێر سێبەری ژیان و گوزەرانێکی پڕ کامەرانیدا بحەسێنەوە.

ئاشکرایە کەعێراق ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری ئیمپریالیزمی بەریتانیادا بووەو دوای ئەویش ماوەیەکی تر بەدەست ڕژێمی دیکتاتوری و کۆنەپەرستی یەوە نالاندویەتی و وە لە ئەنجامی ئەمو زعە باری ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵك بەتەواوەتی خراپ و نالەبار بووەجگە لەوە کو کرفتو کێشەو بەرەیەی کەوتۆتە نێوان گەلی کوردو حکومەتەکانی دوای چواردەی تەموزی ١٩٥٨ و نێوان پارتی یە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی عێراقەوە کە ئەمانەش بەرەی گەلی عێراقیان لاوازو بەرەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانیان بەهێزکردووە.

بۆیە چارەکردنی ئەمو زعە بەئاسانی و لەماوەیەکی کەمدا ناکرێت بەلکو پێویستە لەسێبەری ئاشتی و ئاسایشێکی بەردەوامدا حکومەتی نیشتمان پەروەری عێراق بەیارمەتی گەلی عێراقو هەمو هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی یەوە بەرنامەیەکی

بڕوانە : ل ٢

● ڕۆژی چوارشەممەی ١٤-٣ ماموستا شبلی عەیسەمی بازیدەدەری سکرتێری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەکاتی پێشوازی کردنی وەلەدی کونگرێسی نیشتمانی پشتگیری کردنی خەڵکی ڕایگەیاندوە کە حکومەتی عیراق پشتگیریان ئەکاتو ئامادەیە کە هەمو یارمەتیەکیان پێشکەش بکات.

ئیسرائیل سێ دوورگەی لە دەریای سور داگیر کردوە

قاهیرە : ئا.د.ف : گۆڤاری تایم کە لە واشنتۆن دەرئەچێ بلاوی کردەوە کە ئیسرائیل لەنزیك - مضیق باب المندب - لە دەروازەی خواروی دەریای سور - البحر الاحمر - چەند دوورگەیەکی عەرەبی زەوت کردوە. وە ڕۆژنامەی الجمهوریە جەزایری دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرسیاری کردوە کە ئایا ئەو کردارەی ئیسرائیل ئەبێ یەکەم هەنگاوی نەخشەیە بێ کەوەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کێشاویەتی بۆ ئامەن کردنی نەوتو سوئەیەتی پێویستی.

الجمهوریە وتویە، گرنگی و ئەهمیەتی ستراتیجی ئەو ناوچەیە لەمەیانی نەوتدا زۆر ئاشکرایەو ئیسرائیل بە هەموو ڕێگایەك ئەیەوی زامنی ئەوە بکات کە دەستی بەسەر ئەم ڕێگایەدا بگات و دەستەبەری نەوتی پیویستی بکات، خو کەهاتو نەوتی دەستگیر نەبێ ئەوا ئەکەوێتە بەلە قازەیی مەرگەوە. وەوتویە ئیسرائیل لەم کردارەیدا بەتەنیا نیە چونکە مەسەلەی پترۆڵو کەمی سوتەمەنی وڵاتانی ئەوروپای سەرمایەداری نارەحەت کردوە. وە ڕۆژنامەی - الاهرام - کە لە قاهیرە دەرئەچێ دەربارەی هەمان مەسەلە وتویە : ئەو پێنج وڵاتەی کە کەوتونەتە ڕووی دابوو وە ببووە هۆی گەرد هێنانی پەیوەندی هەردوو لاو وەستاندنی گفتوگۆی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی کۆریا.

کورتە هەواڵ

● پەکین : ئا.د.ف : ڕۆژی ١٣ی ئەم مانگە گفتوگۆی دوو ڤۆڵی نێوان محمد حسن زیاتی وەزیری دەرەوەی میسرو چی پنگ فی وەزیری دەرەوەی چین لە پەکین دەستی پێکرد. «الزیات» لەم گەشتەیدا سەردانی چەند وڵاتێکی ئاسیا ئەدات.

● لەندەن : ئاژانسەکان : حکومەتی بەریتانیا ٧ کەس و ٣ ئافرەتی ئیرلەندەیی گرتوە بەتۆمەتی ئەوەی گوایە ئەوان ئارنجۆکەکانی ئەم دواییەیان لەشاری لەندەندا ئەقاندوتەوە کە یەکێکی کوشتبو ٢٣٤ کەسی تریشی بریندار کردبو.

● عەمان : ئاژانسەکان : میر حسن جێنشینی ڕژێمی ئەردەن ڕۆژی چوار شەممە لەگەڵ جەنەرال دیکاخان سوپاسا لاری پاکستان لەعەمان کۆبۆتەوە. وە صلاح ابو زیدی وەزیری دەرەوەی مەلیك حسەین وتویە، هەردوولا دەربارەی پەیوەندی نێوان پاکستانو ڕژێمی مەلیك حسەین گفتوگویان کردووە.

دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆی هەردوو بەشی کۆریا

پێونگ یانگ : ئا.د.ع : ڕۆژی ١٤ - ٣ وەفدێکی ڕژێمی سیئول چوە بۆ پێونگ یانگ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری دیموکراتی کوریا دەربارەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندی هەردوو لاو یەکخستنەوەی ئاشتیانەی هەردوو بەشی کۆریا.

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەك لەمەو بەر چەند ڕووداویك لەسەر سنوری هەردوو وڵات ڕووی دابوو وە ببووە هۆی گەرد هێنانی پەیوەندی هەردوو لاو وەستاندنی گفتوگۆی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی کۆریا.

هەڵبژاردنی سەرەك کۆماری نوێی تورکیا

ئەنقەرە : ئاژانسەکان : دوای هەفتەیەك کوبونەوەو گفتوگۆی نیوان پارتەکانی ئەرمانڕەواکانی تورکیا زەگەپشتنە ئەنجامێك و سەرۆکی نوێیان بۆ هەڵبژێردرا ڕوبەر ئەڵێ : ئەو کەسە مافی ئەوەی هەیە کە بەسەروکی نوێی هەڵبژێردرێت کە ئەندام بێ لە پەرلەماندا. جا بۆ ئەم مەبەستە بریگادێر جەنەرال فاروق گورلیر - ٥١ ساڵ، سوپا ساری گشتی بوو دەستی لەکار کێشاوەتەوەو خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنە تەرخان کردوە.

لەلایەکی تریشەوە دووکەسی تر کە لە لەشکرانین خۆیان بۆ ئەم هەڵبژاردنە داناوە کە یەکێکیان تیکین ئەریورانەو سەروکی ئەنجومەنی سەنایەو ئەوی تریان فروح بوزبینی کە سەرۆکی پارتی دیموکراتە.

وە لەهەڵبژاردنی ڕۆژی ١٣-٣دا دوای دەنگدان هیچ یەکێ لەمانە سەرنەکەوت چونکە هیچیان سێ یەکی دەنگەکانیان بۆ نەدرابو وەکو زانراویشە تیکین ٢٨٢ دەنگو گورلیر ١٧٥ دەنگ و بوربیلی ٤٥ دەنگی بۆ دراوە وە بەپێی هەواڵی ئاژانسەکان ئەو هەڵبژاردنە لە زەمینەیەکی شێواو ترسو لەرزا بووەو تانکو زرێپۆشەکان دەورو بەری ناوچەکەیان تەنیوە. بڕیاریش وایە کە سێیەم قوناغو دوا قۆناغی ئەم هەڵبژاردنە جارێکی تردەست پێبکاتەوەو هەرکەسێ زورترین دەنگی بۆدرا ئەو بکری بەسەرەك کۆمار. هەروەها ماوەی سەرۆکایەتی جودت صونای لە ٢٨ی ئەم مانگەدا تەواو ئەبێ، وە ئەم هەڵبژاردنەش پێنجەمین هەڵبژاردنی سەرکوماری کە لە تورکیادا ئەکرێت.

کۆسیگن سەر لە تاران ئەدات

مۆسکۆ : ئاژانسەکان : بڕیار وایە کە لەسەر داخوازی حکومەتی ئێران ئەلیکسێ کۆسیگین سەرەك وەزیرانی یەکێتی سۆڤییەت سەر لە ئێران بدات، بۆ بەشدار بوون لە کارپێکردنی فابریقەی ئاسنو پۆڵا کە بەیارمەتی یەکێتی سۆڤییەت لەشاری ئەسفەهانی ئێراندا دامەزراوە.

کۆماری گەلی چین پشتگیری گەلی فەلەستین ئەکات

پەکین : شینخوا : ئا.د.ع: چی پینگ فی وەزیری دەرەوەی چین لەئاهەنگێکی نانخواردنی ئێوارەدا کە ڕۆژی ١٤-٣ لەپەکین بۆ دکتور محمد حسن زیاتی وەزیری دەرەوەی میسری ساز کردوە، ڕایگەیاندوە کە کوماری گەلی چین پشتگیری خەباتە ڕەواکەی گەلی عەرەبی فەلەستین ئەکات لەپێناوی دەستخستنەوەی مافەڕەواکانی لە نیشتمانی زەوت کراویدا.

هەروەها وتویە، چین توڕەییو نارەزایی خۆی دەرئەبڕێ دژی ئەو دەستدرێژی و تاوانە نامەردانەی سەهیونیەکان دژی کەلی فەلەستین ئەیکەن. وەوتویە، ئێمە بڕوامان وایە کە گەلی فەلەستین نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم پوچەڵ ئەکاتەوەو دەست درێژی یەکانی سەهیونیەکان مایەپوچ ئەکات و سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەست ئەهێنێ.

هەروەها ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ بڵاوی کردەوە کە دکتور - ازیات - لەپەکین چاوی بە - سارین شاك - وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەرەی یەکێتی نیشتمانی کەمبودیا کەوتوە.

شۆڕشگێڕانی خلیج سێ فرۆکەی بەریتانیایان سوتاندوە

عەدەن : ١٣ - ئا. د.ف : لە بەیاننامەیەکدا کە بەرەی گەلی ڕزگاری هێنەری عوممان و خلیجی عەرەب بڵاوی کردونەوە وتراوە کە شورشگێڕانی خلیج لە ٨ی ئەم مانگەدا لە - صلالە - لە خواروی ظفار بنکەیەکی ئاسمانی بەریتانیایان داوەتە بەر ساروخو شەستیر، وە ئاگر لەبنکەکە بەربوەو سێ فروکەی تیا سوتاوەو چەند سەربازێکیش پێکراوە.

بەیاننامەکە وتویە : لە ١٠ی ئەم مانگەدا شورشگێڕان لە صرفیت - لە ڕۆژئاوای ظفار ئوتومبیلێکی سەرباز هەڵگری دوژمنیان سوتاندوەو ئەو سەربازانەی تیابوون کوژراون.

شورشگێڕان و ڤیتنامی دیموکرات ١٤٠ دیلی تری ئەمەریکایی بەرەڵا ئەکەن

سایگون : ئاژانسەکان : یەکێك بەناوی شۆڕشگێڕانی ڤیتنامی خوارووەوە لە لیزنە چوار قولیە عەسکەریەکەدا ڕایگەیاندوە کە بەمزووانە ٣٢ دیلی ئەمەریکا بەرەڵا ئەکەنو ئەیانێرن بۆ فروکەخانەی جیلام لەنزیك هانۆیەوە بۆ ئەوەی لەوێوە بگوێزرینەوە بۆ بنکەی کلارکی ئەمەریکایی لە فلیپین. وە وەفدی ڤیتنامی دیموکراتیش وتویە کە بەم زووانە وڵاتەکەی سێ بەم پۆلی دیلەکانی ئەمەریکا کە ١٠٨ دیلن بەرەڵا ئەکات. بەم جۆرە ژمارەی ئەو دیلانەی کە دیموکرات لە ٢١ی ڤیتنامی دووەمی ڕابوردووەوە کانونی کردون گەیشتوتە بەرەڵا ٣٥١ ل.

ڕاگەیاندنی سوشیالیست ٣٧ ملیون دۆلار بەقەرز بە یەمەنی دیموکرات ئەدەن

عەدەن : ئا.د.ع : کاك علی ناصر محمد سەرەك وەزیرانی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەنو وەزیری بەرگری وتویە لە سەردانەکەی ئەم دواییەدا چەند پەیمانێکی هاوکاری ئابوری و تەکنیکی لەگەڵ هەنگاریو پۆلەندەو چیکوسلۆڤاکیاو یەکێتی سۆڤییەتدا مۆرکردوەو بەپێی ئەم ڕێکەوتننامانە ئەم وڵاتانە قەرزێکی ٣٧ ملیون دۆلاری بە یەمەنی دیموکرات ئەدەن..

هەروەهاوتویە، ئەم قەرزە بۆ دامەزراندنی چەند پڕۆژەیەکی پیشەسازیو ئاودان کردنەوە بەکار ئەهێنرین. وە کوماری سوشیالیستی پۆلەندە چەند پاپۆرێکی ڕاوەماسی بە دیاری داوە بەیەمەنو بەمزووانەش کۆمپانیایەکی ماسی گرتنی یەمەنو پۆلەندەیی بە سەرمایەیەکی ١٠ ملیون دۆلاری لە عەدەن دائەمەزرێت. وە لەکۆتاییا وتویە، بەهۆی ئەم یارمەتیو پەیمانەوە گۆڕانێکی گەورە لە مەیانی پیشەسازیو سامانی نیشتمانیو سروشتی یەمەندا بەدی دێت.

وەفدێکی شورشگێڕانی ڤیتنام گەیشتە بەغدا

دوێنی - پێنج شەممە - دەزەوە. هات بۆ عیراق. وەفدێکی حکومەتی وەختی شورشی خواروی ڤیتنام بەسەرۆکایەتی خاتو نگوین تای بین وەزیری دەرەوە لەسەر داخوازی کاك مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری حکومەتی وەختی خواروی ڤیتنام گفتوگۆ ئەکات.

institut kurde de paris

گەلی عیراق بە خێرهاتنی میوانە ڤێتنامی یە خۆشەویستەکانی ئەکات

رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو وەفدی حکومەتی شۆرشگێڕی ڤێتنامی خوارو بەسەرۆکایەتی خاتو نگوین ئای پن وەزیری دەرەوەی ڤێتنامی خوارو بەمیوانی گەیشتە بەغدا وە ئەم هاتنەی بەپێی دەعوەتێکی رەسمی لەلایەن کاك مرتضی سعیدعبدالباقی وەزیری دەرەوەی عیراق بوو •

بێ گومان ئەم سەردانەی نوێنەرانی گەلی ڤێتنامی خوارو نیشانەی خەباتی شۆرشگێڕی یەکگرتووی هەردوو گەلی عیراق و ڤێتنامە دژی ئیمپریالیزم و ئۆنیەپەرستان وە ئەبێتە هۆی پتەوکردنی خەباتی هەردوو گەل و هەردوو حکومەت دژی دوژمنانی گەلان و شەڕخوازان •

یەکێتی خەباتی گەلی عیراق بەکوردو عەرەب و کەمایەتی-یەکانی یەوە لەگەل خەباتی گەلی قارەمانی ڤێتنامدا ، ئەو گەلەی گەورەترین و بە دەسەلات ترین ئیمپریالیزمی لەم چەرخەدا بەچۆکا هێنا بایەخو نرخێکی ئێجگار گەورە ئەدات بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی هەردوو گەل وە بەرەو پێشتری ئەبات •

بۆیە گەلی کورد ودکو هەموو گەلی عیراق بەم سەردانەی وەفدی ڤێتنامی خوارو زۆر پێ خۆشحال و سەربەرزو هیواداره کە دوای ئەم سەردانە پتەوندی سیاسی و ئابوری و زانیاری لەنێوان هەردوو گەل و حکومەتدا بەشێوەیەکی قایم و تاسەر دابمەزرێت •

لەگەل ئەوەی خەباتی هەرگەلێك لەپێناوی دەستتخستنی هەقە نەتەوایەتی و چینایەتی یەکانیاو دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران بەردی بناغەی هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنێکە ، بەلام بێ یارمەتی و پشتیوانی گەلانی ترو بێ گرێدانی ئەم خەباتە لەگەل خەباتی گەلانی تێکوشەری تردا بەتایبەتی گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین لاسەنگ و ناتەواو ئەبێت ، لەبەر ئەوە ئەبێ خەباتی رەوای گەلانی تێکوشەر توندو تۆل گرێ بدرێت لەگەل خەباتی نێوگەلاندا و هەردووکیان ئاراستەی دوژمنانی ناوکۆیی بکرێن •

جا ئیستا کە نوێنەرانی جەنگاوەرانی شۆرشگێڕی ڤیتنامی قارەمان بە میوانی حکومەت و گەلی عیراق هاتوون ئەم هاتنەیان و ئەنجامی خەباتی سەرکەوتووانەی ئەم گەلە ئەوەندەی تر گەلی تێکوشەری عیراق هان ئەدات و رێگای خەباتی بۆ روشن تر ئەکاتەوە و لەهەمان کاتا وەفدی ڤیتنام دڵنیاتر ئەکات لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی خۆی و ئەوە باوەڕە ئەنتەرناسیۆنالیزمەی هەیانە قایم و پتەوتری ئەکات

چونکە گەلی عیراق ، بەکوردو عەرەبەوە وە حکومەتی عیراق هەمیشە دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا هاوشانی خەباتی گەلی ڤیتنام بوون وە لە هەموو ئاستێکدا بەپێی توانا یارمەتی گەلی ڤیتنامی خوارووی داوە وە ئاواتە خوازی سەرکەوتنیان بوون • ئاشکرایە کە دان نانی حکومەتی عیراق بە حکومەتی وەختی ڤیتنامی خوارووداو بەستنی پەیوەندی سیاسی لەگەلیانا بەلگەی ئەم ئارەزووە دەرونی یەی گەلی عیراق بووە •

ئیتر پێ بەدڵ بەخێرهاتنی وەفدی ڤیتنامی خوارو ئەکەین و بەهۆی ئەوانەوە سلاوی گەرمان بەگەلی تێکوشەری دلێری ڤیتنام رائەگەیەنین و پێشەکیش دڵنیاین کە بەرەزامەندی ئەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و لە فرمانە پیرۆزەکەیانا کەبۆی هاتوون سەرکەوتو ئەبن •

ئازاد

هەفتەی باسێك

راپەڕینی هیندەسورەکان ئەلقەیەکی تێکۆشانی شۆرشگێڕانەی خەلکی ئەمەریکایە

هەفتەی رابوردو هیندیەسورەکانی ئەمەریکا شاری (وندنی) یان لە ولایەتی (داکۆتا)ی خوارووی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا داگیرکردوەو ئەتەواوی دەستیان بەسەرا گرتوە • ئیستاش هەرچەندە هێزەکانی پولیس ئابلوقەی شارەکەیان داوەو پەیتا پەیتا هێزی تری میری بۆ ئەچێت ، بەلام هێشتا ئەو شارەیان هەر بەدەستەوەیەو ئەلێن کە ئیترئەبێتە شاریکی سەربەخۆو نیازیشیان وایە حکومەتێکی سەربەخۆی خۆیانی تیادا دابمەزرێنن • پاش تێکچونی گفتوگۆی نیوان هیندەسورەکانو کاربەدەستانی فیدرالی ، هیندەسورەکان وتویانە کە لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیاندا دەستیان داوەتە چەکو شورشیان دژی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەرپا کردوە ئەم بریارەی هیندەسورەکانی ئەمەریکا ، ئەنجامیکی حەتمی ئەو چەوساندنەوەو زۆرلیکراوی یە بێسنورە یە لەلایەن کاربەدەستە رەگەزپەرستەکانی ئەمەریکاوەدووچاری هاتون • هندەسورەکان جگە لەودی کە هەرلە دوزینەوەی ئەمەریکاو کۆچ کردنی خەلکی ئەوروپاوەبو ئەمەریکا توشی هێرشی درندانەی ئەو کوچکردوانەبوون و زەوی وزارو مالو سامانو نیشتمانیان داگیرکراوەو بەکۆمەل لێیان کوژراوەو قەلاچۆکراون ، جگەلەمانەش هەموو ئیستاش بەردەوام هەمان سیاسەتی درندانەیان دەرهەق ئەکرێتو لە ساکارترین مافی مروڤایەتی بێبەش کراون • بۆیە ئەوەتا بریاریان داوە کە بە هەرنرخێك بێت بگەنە مافەکانیان بێ گومان ئەم هەنگاوەی هیندەسورەکانی ئەمەریکادا ئەگەرچی نەشتوانن پاریزگاری ئەوشارەبکەنو سەرکەون لە دامەزراندنی حکومەتیکی سەربەخۆی خۆیاندا •

شایستەی پشتگیری و یارمەتدانە لەلایەن هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی دنیاوە •

شورشی هیندەسورەکان لەناوچەرگەی ئەمەریکادا ، ئەلقەیەکی گرنگە لە زنجیرەی شورشی گەلی ئەمەریکاو هەموو گەلانی جیهان دژی رژێمی ئیمپریالیستانەی ئەمەریکا وە بەگریدانی توندوتولی خەباتی ناوکۆیی ، پرولیتاریاو زنجیەکانو هیندە سورەکانو هەموو چەوساوەکانی تری ئەمەریکا لەگەل یەکتری و بەستنی ئەم خەباتەش بە خەباتی شورشگێڕانەی گەلانی دنیاوە بی شك چارەنوسی رەشی رژێمی ئیمپریالیستی ئەمەریکا نزیك ئەبێتەوەو ئەوانو گەلانی تریش لەدەست دریژی ئەم ئیمپریالیزمە درندەیە رزگاریان ئەبێت

هیوا

بۆژی یادی کۆمۆنی پاریس

لە ١٨ی مارتی ساڵی ١٨٧١ دا پرولیتاریاو هەموو کریکارانی فەرەنسا لەپاریس بەزەبری شۆڕش رژیمی کۆنەپەرستانەی بورجوازیان روخاندو یەکەم دەسەلاتی شۆرشگێڕانەی پرولیتاریایان لەمێژودا دامەزراند ، ئەویش کە کومۆنی پاریسە •

لەو رۆژانەدا فەرەنسا لەجەنگی خۆیو بروسیادا بەخراپی شکابوو ، وەحکومەتی خائینی بورجوازی ناچار بوبو دەست لە هەندیك زەوی وڵات هەڵگرێتو تەعویزاتیکی زۆر بدات بە دەرەوە ، وە لەناو وڵاتیشدا زۆر دڵرەقانە گەلی ئەچەوساندەوە ، ئالەم بارە ناهەموارەدا کە گەلی تیابو ، وە تا ئەهات ناکۆکی چینایەتی توندوتیژتر ئەبو ، لەم کاتەدا پرولیتاریاو هەموو کریکارانی پاریس دەستیان دایە چەکو کومونی پاریسیان دامەزراند •

کۆمۆنی پاریس ، باش دامەزرانی زنجیرەیەك هەنگاوی مەزنی نا بەرەو نەهیشتنی سوپا کۆنەکەو دامەزراندنی هێزە چەکدارەکانی گەلو هەڵوەشاندنەوەی کۆمەلیك لە سیستەمە بیروکراسیەکان کە حکومەتی لەمەڕ بورجوازی دژی گەل پەیرەوی ئەکردن • مارکس ، سەبارەت بەکۆمونی پاریس ئەڵێت :

« کۆمونی پاریس ، بەرەبەیانی شۆڕشی مەزنی کۆمەڵایەتیە ، لەپیناوی رزگار کردنی یەکجارەکی مرقایەتیدا لە کۆمەڵگای فرەچیندا » •

بەڵام لەبەرئەوەی پرولیتاریای فەرەنسا پێگەیشتو و بەهێز نەبو ، وە حیزبیکی مارکسی رابەری نەبو ، وەلەبەر ئەوەی سەرکردەکانی کۆمونی پاریس پاش سەرکەوتنی شۆرشی ١٨ی مارت دوژمنیان راوەدو نەناو رەچەڵەکی ئەو کۆمەڵە لوبەپەرستەیان لەبن نەهێنا کە لە فەرسای کۆبوبونەوەو کەسانی دژی شورشیان لەناو نەبردو ، لەگەل جوتیاران پەیمانیان نەبەستو ، دەستیان نەگرت بەسەر بانکی بورجوازی فەرەنسادا ، لەبەر ئەم هۆیانە ، شۆڕش بە ساوایی لەلایەن دوژمنانی ناوخۆو دەرەوەی خنکینرا •

جەنگاوەرە قارەمانەکانی کومۆنی پاریس ، دلیرانە رووبەرووی هێرشە قورسەکانی دوژمن بونەوەو تادوا دلسوبی خوێنیان لەپێناوی پاراستنی کومونداا مەردانە جەنگان • ئەوە فیداکاریە بێوینەیەیان هەرگیز لەبیرکەس ناچێتەوەو ونبونەبەکی نەمرەو هەتاهەتایە بە پرشنگداری ئەمێنێتەوە •

لەکاتی شۆڕشی کۆمۆنی پاریسدا ، مارکس لەلەندەن بو پربەدڵ پشتگیری ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیەی پرولیتاریای پاریسی ئەکرد ، وە هەر دوو رۆژ پاش شکانی کۆمۆنی پاریس سەبارەت بەوکارە مەزنە لە یەکێك لەکتیبە بەنرخەکانیدا « جەنگی ناوخۆی فەرەنسا » دووا و تاقی کردنەوە گرنگەکانی ئەم شورشەی دەست نیشان کرد ، وە لەو رووەوە وتی :

« چینی کریکار نانوانیت وابە ئاسانی جیهازێکی ئامادەی دەوڵەت بگرێتە دەستو بۆمەرامە تایبەتیەکانی خۆی بەکاری بهێنێت » •

ئەمەش مانای ئەوەیە کە پرولیتاریا ئەبێ بەهۆی نودوتیژی شۆرشگێڕانەوە بەرەو سەرەکەوتنە مەزنەکەی شۆڕشی سوشیالیستی ئوکتوبەر •

تاقی کردنەوەکەی شۆڕشی ئوکتوبەر لەسەر رویشتنێکی گەشە کردوی تاقی کردەوەو رونا کەکەی کومۆنی پاریس بو ، هەروەها شۆڕشی سوشیالیستی چینیش بەهەمان رێگای شۆڕشگێڕانەدا گەیشتە ئامانج

باری ئیستای جیهان لەچاو ئەو کاتەی کومۆنی پاریسدا زۆر جیاوازە ، چونکە ئیستا مەسەلە شۆڕشگێڕانەکەی شۆڕشگێڕانەو تیك شکانی جیهازی دەوڵەتی بورجوازیو دامەزراندنی دیکتاتوری پرولیتاریا ، تاکە ریگایە کە پرولیتاریاو گەلانی زۆرلێکراو لە سەرا نسەری جیهاندا ئەگەیەنێتە رزگاری ، کەچی ریفیژنیستەکان ئەوە چەندین ساڵە ئەبانەوێت دەستی پرولیتاریاو گەلانی جیهان بەوە بکەن بەزاخا کە ریبازی « گواستنەوەی ئاشتیانە » و « ریگای پەرلەمان » یان پێ بسەلێنن و بەمە گیانی شۆڕشگێڕانەیان تیا بکوژن •

لینینی مەزن هەمیشە ئالای پیروزی مارکسیزمی بەرز هەلئەبری ، بۆیە خەباتێکی جوامیرانەی دژی ریفیژنیستەکانی ئومەمی دووەم بەرپاکردو سەرکردایەتی گەلی روسیای کرد لەریگی توندو تیژی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو سەرەکەوتنە مەزنەکەی شۆڕشی سوشیالیستی ئوکتوبەر •

تاقی کردنەوەکەی شۆڕشی ئوکتوبەر لەسەر رویشتنێکی گەشە کردوی تاقی کردەوەو رونا کەکەی کومۆنی پاریس بو ، هەروەها شۆڕشی سوشیالیستی چینیش بەهەمان رێگای شۆڕشگێڕانەدا گەیشتە ئامانج

باری ئیستای جیهان لەچاو ئەو کاتەی کومۆنی پاریسدا زۆر جیاوازە ، چونکە ئیستا مەسەلە شۆڕشگێڕانەکەی پرولیتاریای جیهان رۆژبە رۆژ سەرکەوتن بەدەست دێنێت ، هیزی مارکسی - لینینی راستەقینە لە سەرانسەری جیهاندا تادێت گەشە ئەکات و بەهێزتر ئەبێت • خەباتی گەلو نەتەوە ستەمدیدەکان لە پێناوی رزگاریدا لە شەپول دایە • وە ئاگری خەباتی گەلانی دنیا دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان تادێت زیاتر کلپە ئەسێنێت •

ئەم بارە روو لە شۆڕشەی ئەم سەردەمە راستی بژچونەکەی مارکسی پێش سەدەیەك زیاتری بۆ هەموکەس دەرخست و بەدی هات ، کە وتبوی :

« ئەگەر کۆمۆنە روحاش ، مانای ئەوەیەکە خەبات تەنیا دوا ئەخرێت، بەڵام بیروباوەڕەکانی کۆمۆنە نەمرەو لە ناو ناچێت ، وە ئەم بیروباوەڕانە جار لەدوای جار دەرئەکەون ، تا پرولیتاریا رزگاری ئەبێت » •

- جەبار هیوا -

لاپەڕەیەکی زێڕین لەمێژووی نەتەوەی کورد

رووخانی کۆماری مەهاباد :

کۆنەپەرستی ئیران کە بەدامەزرانی دوو حکوومەتی نیشتمانی ئازەربایجان و کوردستان لەڕادەبەدەر تەنگاو بوو و دامەزرانی ئەو دوو حکومەتەی بەسەرەتای رزگاری سەرتاسەری ئیران دەزانی ، بە هەموو رێگایەکدا کەوتە هەوڵ و تەقەلا بۆ تێکدانی ئەودوو حکومەتەو دامرکاندنەوەی بڵێسەی ئەو دووشۆڕشە نیشتمانیە • لە فێڵ وتەلەکە و بەڵێنو پەیمانەوە تازەبروزەنگ و هەڕەشە و گوڕەشە هەموو رێگایەکی لەدژی جوولانەوەی ئازەربایجان و کوردستان تاتی کردەوە • لەجەبهەکانی شەڕی کوردستاندا زۆرجار ئەرتەشی پرچەك و تەیاری حکوومەتی سەربەئیمپریالیزمی ئیران لەبەرامبەر هێزی میللی کوردستان دا تووشی شکانی زۆرگەورە هات و لەمەیدانی بەڵێن و پەیمانی سیاسیشدا کۆنەپەرستی ئیران نەیتوانی بەوچەشنەی بۆخۆی دەیەوێ ، نوێنەرانی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان هەڵخەڵەتێنێ •

بۆیە دوژمن کەوتە کۆکردنەوەی هێزی خۆی و لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٢ی دیسامبری ١٩٤٦ی زایینی)دا بەسوپایەکی بێژومار و پرچەك بەتانگ و توپ و فرۆکە و هەموو چەشنە چەکێکی رووخێنەرەوە پەلاماری حکوومەتی میللی ئازەربایجانی دا و ئەومەلبەندەی لە خوێن و فرمێسك دا نوقم کرد • لەرۆژی ٢٦ی سەرماوزدا ئەرتەشی ئیران گەرایەوە کوردستان و مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستانی داگیر کردەوە •

لە موحاکەمەی نهێنی پێشەوا قازی محمددا کۆنەپەرستی ئیران کە بەدامەزرانی کۆماری مەهاباد :

بێ گومان زۆر هۆی ناوەوە و دەرەوە تەئسیریان لەشکانی جوولانەوەی کوردستانی ئیران و رووخانی کۆماری کوردستاندا هەبووە ، کە ئێمە لێرەدا چەند هۆیەکیان دەستنیشان دەکەین لە هۆیەکانی ناوخۆیی پێش لە هەموو شتێك دا دەبێ کزبوونی ئەرایەوەبەرایەنی و نەبوونی کادری تێگەیشتو و پێگەیشتوی پێویست باس بکەین • بەداخەوە لەبەر دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری پێجگە لەپێشەوای زەمین و هێندێك روناکبیری دیکە کادری لێ نەدەشاوە نەبوون و هەڵسووراندنی کاروباری جمهوری کەوتبۆ دەست بینسانی لێ نەوەشاوە و تەنانەت پاشکەوتووش •

یەکی تر لە هۆیەکانی ناوخۆیی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان تەنیا بەشی شیمالی کوردستانی ئیرانی بەدەستەوە بوو کە تەنیا سێ یەکێکی کوردستانی ئیرانە، دیارە ئەوە دەرفەتی دا بوو بەدوژمن کە لە هەمولایەکەوە جوولانەوە گەمارۆ بدا و زەبری لێ بوەشێنی • بەداخەوە پەیمانەکان دا لەسەر بەشکردنی ئیران بەچەندەمەلبەندی نفوز بەستراو ریگای نەدا کە کۆماری مەهاباد زیاتر پەل راهاوی و ناوچەکانی جنوبی کوردستانی ئیران واتە مەلبەندی سنەو کرماشانیش رزگار بکا •

ئەمجار جوولانەوەی مەهاباد لەباری کۆمەڵایەتیەوە نەیتوانیبو هەنگاوی کاریگەر و شۆرشگێڕانە بەقازانجی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان واتە جووتیاران هەڵبێنێتەوە و بەجارێك بیان کاتە هاریکار و پشتیوانی جوولانەوە ، کە دیارە ئەوەش تەئسیرێکی یەکجار زۆری لەمانەوە و نەمانەوەی ئەوجوولانەوەیەدا هەبوو • بەداخەوە جوولانەوە لەوبارەوە پێش نەکەوتبو و بەراستی ماوەشی نەبوو پێش کەوێ ، چونکە لەهەڵومەرجی ئەو سەردەمەی کوردستانو ماوەی تەمەنی کۆماری مەهاباد زۆر لەوە کەمتر بوو کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەوچەشنە هەنگاوە شورشگێرانە پێویست بو •

یەکێك لە هۆیەکانی هەرەگرنگی تێشکانی جوولانەوەی مەهاباد وەزعی خەباتی رزگاریخوازی سەرتاسەری ئیران بوو• چونکە یەکیەتیەکی پتەو و بەکردەوە لەنێوان هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوەکانی ئیراندا پێك نەهاتبوو و لە راستیدا جوولانەوەی کوردستان و ئازەربایجان بەکردەوە لە جوولانەوەی سەرتاسەری ئیران جیا بوونەوە و سەرکردایەتی سێ هێزی سەرەکی ئەودەمی ئیران واتە حیزبی تودەی ئیران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانو حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیانتوانی بەسەریەکەوە هێزی خەڵك بێننە مەیدان و بەگژ دوژمنی هاوبەش واتە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئیراندا بچن • لەوەزع وحاڵێکی وا دا دیارە دوژمن باشتر دەتوانێ هێزی خۆی وەسەریەك بخاو چووڵانەی وەزعی رزگاریخوازی لەمەلبەندێك دا سەرکوت بکا •

هەر لە هۆیەکانی ناوخۆیی رووخانی جمهوری دا با ئەوەش بکوترێ کە پاش ئەو هەموو تاقی کردنەوەی لەڕابەرینەکانی پێشتری ئەوەی کورد وەرگیرابوو ، دیسانیش رابەرایەتی جوولانەوە تازەکە لە باوەڕی بەبەڵێن و بەمانەکانی حکومەتی ئیران کرد و فریوی قسەکانی دوژمنی خوارد •

گومان لەوەدا نیە کە هۆی ئەساسی شکانی جوولانەوەی مەهاباد وەزعی ناوخۆ بووە ، بەڵام دیارەهێندێك هەڵومەرجی دەرەوەش تەئسیریان کردۆتە سەر • لەلایەك ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەهەموتواناوە پشتی کۆنەپەرستی ئیرانی گرتبو و هەموو ئیمکانیاتێکی بۆ سەرکوتکردنی جوولانەوەی ئازادیخوازی بۆ بێك دهێنا • لەلایەکی تریشەوە یەکیەتی سۆڤیتی کە دوستو و لایەنگری جوولانەوەی کوردستان و ئازەربایجان بوو ، تازە لەشەڕی ماڵوێرانکەری جیهانی رزگاری ببوو خەریکی ئاوەدان کردنەوەی وڵاتی خۆی و کوێرکردنەوەی شوێنەوارەکانی شەڕ بوو • ئەم وەزعە و لێکدانەوەی چونی وەزعی ئیران لەلایەن کارەبەدەستانی ئەودەمی یەکیەتی سۆڤیتەوە بون بەهۆی ئەوەی کەکۆماری مەهاباد نەتوانێ بەپشتیوانی یەکیەتی سۆڤیەت پشت ئەستوور بێ و لەبەرامبەر کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمدا دیفاع لە خۆی بکا •

- ماویەتی -

بارەستنی دەستکەوتی یەکی ئازار ئەرکی سەرەتایی هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتن خوازەکانی گەلی عیراقە-پاشماوە

شۆرشگێڕانەی درێژخایەن بگرنە بەر کە پایەکانی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی کوردستانو پتەوکردنی بەرەی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتن خوازانی عێراقو لەرەگو ڕیشە دەرهێنانی پاشماوەی ریژیمی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی نفوزو بنکە نهێنی یەکانی ئیمپریالیزم بێت لە وڵاتدا •

بێ گومان پاراستنی سەربەخۆیی ئابوری وڵات بەشێکی گرنگە لە خەبات کردن لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی دا هەروەها پتەوکردنی بەرەی گەل لەناو خۆدا بەردی بناغەی بەگژاچوونی ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستانە وەرێگاو شوێنی پتەوکردنی ئەم بەرەیەش بەهۆی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو وە چارەکردنی مەسەلەی کورد بەپێی قازانجو دەستکەوتی جەماوەری رەنجبەرانی کوردستان دێتەدی •

سەبارەت بەنەتەوەی کوردیش کە بەرەو پیری جەژنی نەوروزی پیرۆز ئەچێتو یادی خەباتی سەرکەوتوانەی کاوەی ئاسنگەر ئەکاتەوە ، بێ گومان رۆلە تێکوشەرە پێشکەوتن خوازەکانی هەر ئەو رێگا پیرۆزە ئەگرنە بەر کە کاوەی قارەمانی کورد ، کاوەی گرێکاری کوردستان بەپشتی جەماوەری رەنجبەرانی کورد گرتویەتی یە بەر وە لەسەر هەمان رێگای پێشکەوتن خواز درێژە بە خەباتی خۆیان ئەدەن خەباتی یەکگرتوو لەگەل گەلانی عەرەبو هەموو گەلانی تێکوشەری تری دنیادا دژی ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستان ، وە لەپێناوی دەستخستنی هەموو هەقە رەواکانی نەتەوەی کورد بەهەقی نەتەوایەتیو چینایەتی یەوەو دامەزراندنی دوا رۆژێکی بەختیار لە عیراقێکی پێشکەوتوو گەشاوەدا •

Institut kurde de paris

ئەحمەدی خانی

ئەحمەد مەنگوری

لە دووای کزبوونی رژیمی دەرەبەگایەتیو پەیدابوونی سەرمایەداری وە لەبەر چەند هۆیەکی تریش کە لیرەمەبەستمان نییە بینووسین .. هەستی نەتەوایەتی پەرەی سەندو گەلی کورد چاوی بوەوەو بیری لە زولمو زۆری دوو دەولەتە داگیرکەرەکەی کوردستان دەولەتی - عثمانی - و دەولەتی - سەفەوی - بوەوە جا کە خانی رولەیەکی ئەو کوردە چەوساوە بووبێت شاعیریکی ئەوەندە مەزن بووبێت ئەوە شتێکی سروشتییە کە زۆر چاك هەستی بەو بارە نا لەبارەی میللەتەکەی کردووە شەوو رۆژ خەریکی ئەوەبوە کە دەست لە سەر هۆیە بنچینەکانی ئەو هەژاریو مالوێرانیەی کوردداببنیو ریگای سەرکەوتنی بۆ بدۆزیتەوە ... بەلگەی ئەوقسەیەشمان شیوەکانی خانی خۆیەتی ... چونکی ئێمە لەسەرەمیکا دەژین کە عاتیفەو خەیالو پیاهەلگوتنی نارەواوفووپیاکردنی ناراست بەرەنگیو زیان لە قەلەم دەدرێ بۆیە .. شیعرەکانی خانی خۆی دەکەینە شاهیدی هەر قسەیەکو پیاهەلگوتنیکی شاعیری نەمری نەتەوەکەمان ..!!

- خانی - کە بۆی دەردەکەوی حکومەتی - عثمانی - بە شیوەیەکی دررندانە بالی رەشی خۆی بەسەر خەلکی کوردستانا کیشاوەو بە شیوەیەك دەیان چەوسێنێتەوە کە نەتوانن هەتاماوەیەکی زۆر هەناسەی ئاسوودەیی هەلبکێشن .. ناچار بۆ کوردیان دەستیتان دەکاو دەلێ :-

ئەف رۆمو عەجەم بوو وان حەسارن
کرمانج هەمی لچار کەنارن
هەردوو تەرەفا قەبیلی کرمانج
بۆ تیری قەزا کرینە ئامانج ....(١)

بەو جووزە شاعیری گەورە .. جاری دا بە کوردستاناو داوای وەشیار بوونەوەی کردودوژمنی راستەقینەی کوردی دەستنیشان کرد کە (سەفەویو عثمانیەکانن) و کردەوە نامروفایەتیەکانی ئەوانی ئاشکراکرد ... بەلام نایا شاعیر هەر بە دەست لەسەردەرد دانان ئەوەستی یانە وەکو پزیشکیکی زاناو دانا دەرمانیشی بۆ دەدۆزیتەوە ... خانی بلیمەت ... دەم ئەکاتەوەو ئەلێ :-

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەك
فیکرا بکرا مە ئینقیادەك
رۆمو عەرەبو عەجەم تەمامی
هەمیان ژەرا دەکر غولامی ...(٢)
تەکمیل دەکر مە دینو دەولەت
تحصیل دەکر مە عیلمو حیکمەت

خانی لە سەر یەك نەبوونودوو بەرەکی نەتەوەی کورد یەکجار دل تەنگ دەبێتو بە هۆیەکی بنچینەیی ژێردەست دەزانی بۆیە بەو شیوەیەی سەرەوە دێتە گفتار ..!!

بزووتنەوەی نەتەو یەتی گەلەکەمان زروفی موضوعی وای بەسەردا سەپاند کە لەسەرەتاوە لە ژێر سەرکردەی (امیرو خانەدانانی کوردستانا بێت .. ئەوەش شوورەییەك نییە چونکی لەسەدەی بیستەم بە چاوی خۆمان دەبینین کە گەلیك جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکانی لە ژێر سەرکردەی (امیرو سەرداره کان دان) وەکو ئەمیر (سوهانۆکو سوفانا قونگ) ... بەلام خانی دەیەوی جۆشیان بداتو ئاگاداریان بکاتەوە کە مەسئولیەتیکی گەورەیان لەسەر شانەو هەرسستیو دریغی یەکیان نیروو بدات بە تاوان دەزمیرێ بۆبەرووبان تێدەکاو دەلێ :-

گەروێ هەبوا مە پادشاهەك
لایق بەدیا خودی کولاهەك
غالب نەدبوو لەسەر مەئەف روم
نەدبوونە خرابە ددەستی بووم
نامووسە لە حاکمو نەمیران
تاوون چیە شاعیرو فەقیران ..

خانی شاعیری راستەقینەی نەتەوەی کوردە

- خانی - لەو پارچە شیعرەی خوارەوە تحلیلێکی واقعی نەتەوەکەی ئەکاتو زۆربەراستی دەست بۆ سروشتە چاکەکانیو کەمو کورتیەکانی دریژ دەکات .. ئەوەش بەلای منەوە لایەکی تری بەهێزی شاعیری نەمرو بەلگەیەکی تری نزیکی شاعیرە لە واقعییەت .. خانی ئەلێ :-

جوامیریو هیمەتو سەخاوەت میرینیو غیرەتو جەلادەت
ئەف ختمە ژبوو قەبیلە ئەکرادوان دانە بەشیر همتو داد
لەو پیکفە هەمیشە بێ تفاق دائم بە تمرودو شقاق ..

پاش ئەوەی رونمان کردەوە کە شاعیر تا چ رادەیەك بە زروفی واقعی میللەتەکەیەوە بەسترابوەوەو چۆن وەکو شاعیریکی نیشتمانپەروەر کەرستەی خاوی لەوروداوەکانی نەتەوەکەی وەرگرتوەو دەوریکی گرینگیشی بینیوە لە ئاراستە کردنو ریگای سەرکەوتن بۆدانان ... دەبێ هیندیکیش لەشاکارە گرینگو ناودارەکەی بدوێن ..!

مەمووزین شاکاری ئەحمەدی خانی نەمرە

لە بارەی چیرۆکی مەمووزینەوە (دوکتور بلەچ شیرکو) لە کتیبەکەیدا (القضیة الکردیة) کە لە ساڵی ١٩٣٠ چاپکراوە ئەڵێ :-

« ئەحمەدی خانی » زانایەکی گەورەو بوێژیکی دڵداربوە بیجگە لە هۆنینەوەی هۆنراوە هوگریەکی تەواویشی بەهونەرە جوانەکانەوە بو (چیروکی مەمووزین)یش کە زۆر بەناو بانگەو بێوێنەیە لە بابەتی خۆی‌دامەگەر (ئیلیازەی هومیروس)ی بگاتی ...(٣)

میژوو نووسی روسی ب نیکیتین ئەڵی(٤) :-

« چیروکی کویرەوەری مەمووزین .. خۆشترین چیروکە لە لایەن کوردەکانەوە بە ژنو پیاویانەوە ... »

چیروکی مەمو زین لەپیش ئەحمەدی خانیشەوە .. هەر هەبوەو دەماو دەمو پشتاوپشت لە دیوەخانەو مزگەتەکانا باس‌کراوە .. جا هەرچەندە پریش‌بوە لە ئەفسانەو قسەی سەیر .. بەلام لەبەر خۆشی

بڕوانە ل : -٧-

وەلامی چرپەکەی کاکەی فەللاح

لە رۆژنامەی (ژین)ی ژمارە(٩٩) و (١٠٠) دا کاکەی‌فەللاح بە ووتارێکی لە ژێر ناوی (چپەیەك بەگوێی یەکێتیی‌نووسەرانی کورد - لقی‌هەولێردا) ، وەلامی ئەو چەند تێبینییەی داوینەوە کە لەژمارەی (٢٥)ی رۆژنامەی (بیری‌نوێ)دا بڵاو مان‌کردبووەوە، رووناکی یەکمان خستبووە سەر ئەولایەی کەپەیوەندی بەئێمەوەهەیە ، لەو ووتارەی کە لە ژمارەی (٩٣)ی ژین‌دا لەژێرناوی (ئەگەر فریای نەکەون‌یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لە گیانە لادایە !) ، هاتووە ٠مامۆستا فەللاح بۆ سەماندنی بیروراکانی خۆی هەندێ نموونەی هێناوەتەوە کۆایاتێمە هەستمان پێ‌نەکردوەیاخود لێمان لاداوە !!

لێرەدا ئێمە نامانەوێ‌بەدرێژی وەلامی چرپەکەی‌بدەینەوە ، تەنها ئەوە بەبێ کە هەندێ رووناکی ئەخەینە سەرتێبینییەکانیو خوێنەرەبەرێزەکانی روون‌بکەینەوە :

١ - مامۆستا فەللاح‌دەفەرمووێ :

(بەڵێ رێکەوتنی نێوان‌پارتی دیموکراتی کوردستان‌وپارتی کۆمونیستی عێراق وە دەست خستینە کاروباری‌هەڵبژاردنی‌نووسەران بەشێوەی‌لیستە بمانەوێو نەمانەوێ ، لەسە رحیسابی چەن ئەدیبو هەموو کەسێك ئاشکرا نووسەرێکی بەتواناو لێهاتوو دەکەین ٠ ئەبێ) ٠

لەوانەی کە ناوی بردوون بەڵێ‌راستە ئەگەر هەڵبژاردن تەنها کاك عزیز گەردی بەهۆی لیستەیێکی یەکگرتوو- ئەندامێتی یەکێتیی ماوە ببیو هەموو جۆرە حاوەڵ وەڵراستیشدا زۆری لەگەڵ کرا کە ئەم ساڵیش بەشداری لە دەستەی بەرێوەبەری تازەدا بکا کەچی خۆی هیچ ئامادەیێکی پیشان نەداو ئیستاش لە گەلمانەو ئەندامێکی گورج‌و گۆڵی لیژنەی رۆشنبیریە ٠

بەلام ئەوانی‌تر هیچ کامێکیان ئەندامێتی یەکێتی‌یان نەماوە چونکە وابوو بە دوو ساڵ ئابۆنەی ساڵانەیان نەداوەو خۆیان بەئەندامی یەکێتی نازانن‌و نایانەوی ئیش لە یەکێتی‌و لیژنەکانی‌دا بکەن، جا ئێمە فەرامۆشمان کردوون ، یان خۆیان ؟!

٤ - لەدواییدا کاکەی فەللاح دەڵێ :-

(رەنگە بڵین ئەمانە ، هەڵوێستی سەلبیان هەیە بەرامبەر بە یەکێتی بەلام زۆر چاك دڵنیام ئەگەر لە سەرەتاوە یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لەسەر بنچینەیێکی زانستیانەی راستو پتەو دابمەزرایە ئەو جۆرە کەسانە ئەوە هەڵویستیان نەئەبوو کە ئەی‌بینین ٠)

- بەراستی شتێکی سەیرەو جێگای سەرسوڕمانە کە لەبەر دڵو ئارەزووی چەند کەسێکی کە خۆیان نایانەوێ ئیش‌بکەن هەندێکیان ئیشمیان پێ‌ناکرێو نەخراونەتە ناو دەستەی بەرێوەبەرەوە ، ئەوا ئەوە یەکێتی‌یەی کە ئامانجو ناوانی هەموو کوردێکی دڵسۆزی هەروون پاك بوو ، و لە سەر بنچینەیێکی زانستی راستوپتەو دامەزراو بوو بە نموونەیێکی زیندوو بۆ بەرەیێکی یەکگرتووی پێشکەوتن خوازی نیشتمانی‌و ئەمرۆش دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ لەسەر دامەزراندنیا بفەرموی لەسەر بنچینەیێکی زانستیانەی راست دانەمەزراوە چونکە ئەو چەند کەسە نەخراونەتە پاڵ دەستەی بەرێوەبەر !!

باشە ئەگەر ئەمرۆ ئەوانە هەڵویستی ئیجابی‌یان بوایەو سەرۆك‌و ئەندامی دەستەی بەرێوەبەر بوونایە ، ئەوا یەکێتی لە سەرەتاوە لەسەر بنچینەیەکی زانستیانەی راست‌و پتەو دامەزراوە ؟!!

٥ - کاکەی فەللاح هەڵبژاردن‌و بوونی ئێمە بەدەستەی بەرێوەبەر بەهاتیکی پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی دانەنێ‌و بەڵگەشی داوێنی بەندی « بیست‌و حەوتەم »ی کە دەڵێت (کۆبوونەوەی ئاسایی لقەکان دوای کۆبوونەوەی ئاسایی دەستەی بەرێوەبەری گشتی یەکێتی ئەبێ » ٠

- بۆ روون‌کردەوەی سەرهەڵدانی ئەو داوێنەی بەندی بیست‌و حەوتەمە

بڕوانە ل : -٧-

دووسەرەتای تووڕە

١ - لە دۆزەخی هەژاری‌دا ...هاتم ... هاتم
نوستم لەسەر کۆشکی‌خەمی هەزار قاتم
لە پایزدا ... هەڵوەرینی گوڵم بینی ...
لە رەشەبای دڵداری‌دا...
لە شەوی چاوەنوڕی‌دا...
پارچەی زامو دڵم بینی
پرسیم لە باندازی نەوین :-
کوا مەم ... کوا زین...؟
ووتی .... ووتی :-
کە جەنگیزخان ... بەمشارەدا تێپەڕی
هەردووکیانی سەربڕی...

× + ×

٢ - بەدرێژایی بیابانی نیمووی‌ژیان ...
هەڵبەست وەکوو کچێکی‌جوان ...
ماچم ئەکا ... جار جارماچم ئەداتێ ...
ماچی ئاگر ... ماچی‌باران ...
بەدرێژایی شەوی ژیان...
هەڵبەست دێ وەك کچێکی جوان ...
ئەمدوێنی ...
ئەم دوێنی ...
ئەو پەیکەرەی کە من ئەی کەم ...
ئەو ئەیشکێنێ ...

لەتیف هەڵمەت

لانگستۆن هیوزی مرۆڤ

ئەگەر نەبوونیو هەژاری
هەگیەی غەریبیو دەربەدەریان
بەکۆڵی شاعیری قولەرەشی
ئەمەریکایی (لانگستۆن
هیوز)دا دابێتو ئەو شارو ئەم هیوز لەگەڵ دایکیدا لە باوکی شاریان پێ‌کردبێت .. ئەوا چیابونەوە ٠ لە هیچ شارێك چەوسانەوەو تێهەڵدانو بێبەشی‌ی نەتەوەکەی لە مافی ژیانو چارەنوسی ، تەزوی شۆڕشگێڕیان پێبەخشیوە ، ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و نۆکەرەکانی بێبەشیان‌کردون ، چونکە رەشن .. بەڵێ رەشە وەکو شەو .. وەکو قولایی ئەفریقا .. بەلام مرۆڤەو داوای ژیانی سەربەستی دەکات .. ئیمپریالیستەکان بتوانن هەوا بەندکەن یا ئاوی‌روورباره‌کانیش وشك‌بکەنەوە ، ناتوانن هیوز بگرن .. ناتوانن بەندی‌کەن ٠

لانگستون هیوزی شاعیری قولەرەش ، لە ساڵی ١٩٠٢ لەشاری گۆبلن - لە ولایەتی مزوری‌دا لە دایك‌بووە کۆچ‌و کۆچباری ئەم خێزانە هەمیشە بە تولەرێیەکانی‌شاروو دێهاتەکان‌دا دەگەڕا .. (گۆبلن)ی بەجێهێشت‌و بەرەو شارەکانی‌تر رۆیشت.. ناکۆکی‌ی دایك‌و باوکی ، ژیانیان لێ‌تاڵ‌کردبو .. نەیدەزانی خۆی‌بکاتە پارسەنگی کامەیان .. رۆژگار سورایەوەو دەربارەی روبارەکان ئەدوێ) لە تەمەنی ١٩ ساڵی‌دا بڵاوی کردەوە ٠

یەکێك لە تایبەتیەکانی شیعری هیوز ئەوەیە کە لە رووی تەکنیکیەوە رستەکانی کورتو بەهێزو شاعیرانەن .. مرۆڤ دەجولێنن‌و ئەرژێنە ئەو پەری ناخی .. پەردەکانی ئەو تولەرەی مردنی گرتەبەر .. رەنگینی‌تر .. کە ئەمەی هیوز نە لە نووسینەکانی .. خوارەوە پارچەیەکە لە نە لە شیعرەکانی‌دا نەیهێشتوە شیعرەکانی :

من قولەرەشم ..،
رەشم وەکو شەو ..
وەکو قولایی ئەفەریقا ...،
بەندەیەکەم ..
بە فەرمانی قەیسەر ..
سەکۆکان گسك دەدەم ..
پێلاوەکانی واشنتۆن
دەسرمەوە ...،
کرێکارێکم ..
ئەهرامەکان بە بازوی من
بەرزبونەوە ...،
بۆ کۆشکی (ولورۆث)
چیمەنتۆم ئەگرتەوە ،
گۆرانی بێژێکم ..
بەدرێژایی رێگای ئەفەریقاو
جۆرجیا ..
گۆرانی‌ی ماتەمینی ئەڵێم...،
مەهرەجانەکان سازئەکەن
...،
شەهیدێکم ..
بەلچیکیەکان .. لە کۆنغۆدا
دەستیان بڕیم ...،
ئیستاش لە تەکساس
لێم‌ئەدەن ...،

خالد جوتیار

١٩٤٩ ٠
٣ - فۆلکلاۆری قولەرەشەکان ١٩٥٨ ٠

ئەمەو چەندین بەرهەمی تولەرێی مردنی گرتەبەر .. رەنگینی‌تر .. کە ئەمەی هیوز نە لە نووسینەکانی .. خوارەوە پارچەیەکە لە نە لە شیعرەکانی‌دا نەیهێشتوە شیعرەکانی :

گیانی شۆڕشگێڕی تێکەڵ بێ ..
چونکە بڕوای بە مرۆڤایەتی هەبوە.. سەرچاوەی هەڵقولانی شیعرو نوسینەکانی لە فۆلکلۆری قولەرەشەکان هەڵێنجاوە ..

هیوز نەك تەنیا دەسنی شیعرنووسینی هەبوە .. بەڵکو رووی‌کردۆتە لقەکانی‌تری ئەدەبیش .. وەك چیرۆکی کورت .. لەم چیرۆکەکورتانەی (پێکەنە .. تا نەگریت ... ساکارێك ژن دێنێ) و چەندی‌تر ٠

بەڵێ ، هیوز بەرهەمێکی ئێجگار زۆری هەبوە لە شیعر نووسینو کورتە چیرۆك‌و ئۆفل‌و شانۆگەری .. وە زۆر کێبی تریشی لە سەر جولانەوەی قولەرەشەکان داناوەو شیعری زۆربەی شاعیرەکانی تری کۆکردۆتەوە .. لەمانە :

١ - چوار شاعیر لەزانستگای لنکۆلن .. ساڵی ١٩٣٠ ٠
٢ - شاعیرەکانی قولەرەش

دیوی جیهان هەڵدەدەنەوەو ئەمانە هەموی مۆسیقایەکو ئەفسوناوی دەدەنێ ٠

هیوز لە شاری (هارلم) کە شارێکی نیۆیۆرکە .. نیشتەجێ بووە ... تابڵێی (هارلم)ی خۆش‌دەویست .. هەر لەوێش سەری‌نایەوەو لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٦٧دا

چاوەڕوانی رۆژێکی نوێ

نوری حەیران
١٤-٣-١٩٧٣

رۆژی پڕۆز
رۆژی نەورۆز
بەدڵ بەگیان ... چاوەڕێتین
چاوەڕێتین ،
چاوەڕێتین ، بۆرۆژی بەهارێ
سەوزبێ گیانی دەشتو دەر
لەگشت جێ گوڵ ببارێ
گڕی نەورۆز
گڕی پڕۆز
هەموتینوین لە بۆ تو
کە کاوەی چینی چەوساوە
سەری زۆردار بهارێ

لاپەڕە (٣)

institut kurde de paris

١٩٤٧ کرێکار لە ئیشیان بۆ دۆزاروەتەوە

مەکتەبی ئیش و کار دۆزینەوەی بو کریکاران لە ماوەی مانگی رابوردوا ١٤٩٧ کریکاری خستوتە سەرئیش . بەرامبەر بە ١٣٩٧ کریکار کە لە مانگی پیشوترا (کانونی دووەم) ئیشیان بۆ دوزرابووەوە .

وە هەروەها لە ماوەی ساڵی پارا بەهۆی مەکتەبی نارپراوەو ١٥ هەزارو ٦٨٣ کریکار بە بێ کاری رژگاریان بووە .

ئەوەی شایانی باسە ١٩ مەکتەبی ناونووسین خەریکی ئەوەن کریکارە بێ کارەکان بەپێی ئەولیستەیەی ناوی بێ کارەکانی تیا ئەنوسریتو بەپێی ئەوەو مەرجانەی دانراون ئیشوکار بو کریکارە بی کارەکان بدوزنەوە .

ئەوزەوی وزارانەی بەسەر ماڵە جوتیارەکان لە کوردستانا دابەش کراوە

کاك أور صبری عبدالرزاق بەرێوەبەری گشتی دابەش کردن لە وەزارەتی کشتوکال و چاکردنی کشتوکال . بە رۆژنامەی (الجمهوریە)ی راگەیاندوە کە بەپونەی ٣ ساڵ تێپەربون بەسەر بەیاننامەی ١١ی ئازارا (٥٨٦٣١) دۆنم زەوی و زار بەسەر (١٥٦٢) ماڵە جوتیارا لە پاریزگاکانی ژوروی وڵاتا دابەش کراوە ، وەلەمەدا (٣١٤١٧) دۆنم زەوی لە پاریزگای کەرکوك بەسەر (٨٥٧) ماڵە جوتیارو (١٢٤٩٨) دۆنم لەپاریزگای دهوك بەسەر (٣٤٦) ماڵە جوتیارو (١٠٤٨٨) دۆنم زەوی لە پاریزگای هەولێر بەسەر (٢٧٧) ماڵە جوتیارو (٤٢٢٨) دۆنم زەوی لە پاریزگای نەینەوادا بەسەر (٨٢) ماڵە جوتیارا دابەش کراوە .

هەروەها کاك صبری دۆنم زەوی و زاری تر لە پاریزووتویەتی: دووبارە لیکولینەوەی گاکانی ژورو بەسەر (٦٥٢٠) تەکنیکی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ماڵە جوتیارا دابەش بکریت ، نەاوبوە تاکو (٥٢٨٢٥٥) کە لەمەشا (١٩٧٦٩٧) دۆنم زەوی لە پاریزگای کەرکوك (١٨٩٢) ماڵە جوتیارو (١٥٦٠٤) دۆنم زەوی لە پاریزگای سلێمانی بەسەر (٨٧٣) ماڵە جوتیارو (١٦٥٥٣١) دونم زەوی لە پاریزگای نەینەوا بەسەر (١٢٢٥) ماڵە جوتیارا (١٠٦٤٣٩) دۆنم زەوی لە پاریزگای هەولێر بەسەر (١٨٣١) ماڵە جوتیارو (٤٣١٨٤) دۆنم زەوی لە پاریزگای دهوك بەسەر (٧٠٩) ماڵە جوتیارا دابەش بکریت .

ئەمە جگە لەوەی کە ناوبراو ووتویەتی بەریوەبەرایەتی گشتی خەریکی ئامادەکردنی راپوری فەنیی بۆ لیکولینەوە لە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی (٤٢٧٢٦) ماڵە جوتیاری پاریزگاکانی ژورو ، تاکو رەوی و زاریان بەسەرا دابەش بکریت ، کە لەم ژمارەیەش (١٠٩٤٥) ماڵە جوتیار لە پاریزگای سلێمانی و (١٨٩١) ماڵە جوتیار لە پاریزگای کەرکوك و (٢٤٩٩٤) ماڵە جوتیار لە پاریزگای نەینەوا رەوی وەرئەگرن .

وە دەربارەی ئەو زەوی و زارەی تا ئیستا دابەش کراوە کاك صبری ووتویەتی :

لە دوای دەرچونی یاسای چاکردنی کشتوکالی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ١١ی ئازاری ٩٧٣ نزیکەی (٥٨٢٩٩١٧) دۆنم زەوی و زار بەسەر (١٣٣٨٤٩) ماڵە جوتیارا دابەش کراوە .

میسرو بەلجیکا توتنی عێراق ئەکڕن

ئەمسال عیراق ٢ هەزار و ٢٠٠ تەن توتن بو کۆماری میسر ئەنیریت . مرخی ئەو توتنەی بۆ کۆمپانیای توتنی نصر وانشرقیە ئەچیت بای ٥٤٥ هەزار دینار ئەبیت .

هەروەها سەرچاوەیەکی ئینپرسراو لە بەریوەبەرایەتی ئینحساری توتن و تویەنی ، بەپێی ئەو ریککەوتنامەی پارلە نیوان عیراق و بلجیکادا مورکراوە ئەبێ عیراق پاش چەند روژیکی تر ٦٠ تەن توتنی چاکراو بو بەلجیکا رەوانە بکات .

ئاەدەع

٥٣ هەزار دیناری بۆ زانستگای سلیمانی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری داوە کە ٥٣ هەزارو ٧١٣ دیناری تر لە بوجەی دارایی ساڵی ٧٢-١٩٧٢دا بو زانستگای سلیمانی ئەرخان بکریت .

وە هەروەها رێگاشی داوە بە ئەنجومەنی زانستگای ناوبراو کە ئالوگوری پیویست لە جوری دابەشکردن و ئەرخان کردنی پارە لە بوجەکەی خویا بکات .

موچەی ئەم مانگەی فرمانبەرات

بە بۆنەی تەواوبونی ساڵی دارایی ٧٢ - ٩٧٣ وەزارەتی دارایی بریاری داوە موچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت پێش کۆتایی ئەم مانگە بدریت ، بەپێی ئەم بریارە فەرمانبەرەکانی ناو بەغدا لە ٢٤ ، ٢٥ ئەم مانگە و فەرمانبەرانی دەرەوەی بەغداش لە ٢٦ ئەم مانگەدا موچەیان ئەدریتی .

گۆشەی تەندروستی

دوومەل

- دکتور نوزاد -

دوومەل بەو گرێیانە ئەلێین کە لە پێستی ئادەمیزاد دەردێت وە لەوەوە پەیدا ئەبێت کە رەگی توك لەناو پێستدا بەهۆی بەکتریای (ستانلوکوکس)وەهەو ئەکات . ئەم هەوکردنە گرێیەکی سور پەیدا ئەکات وژان ئەکات ورده ورده گەورە ئەبێت و گەرم دادێت و لەناوەوە ئەتوێتەوەو ئەو بەشەی پێست ئەخوات و ئەی مرێنیت وەزیچکاو دروست ئەکات ، کە ئەگەتە ئەم رادەیە تادێت ژارەکەزیاد ئەکات .

جگە لە بەکتریای (ستانلوکوکس) نەخوشی شەکرو لاوازی و بێهێزی و هەندێ جارخواردەمەنی ئەبنە هۆی پەیدابونی دوومەل ، هەندێ جاریش رووشان و بریندار بوون و ووك هەلکەندن ئەبنە هۆی پەیدابونی نەخوشی دوومەل .

چارەکردنی ئەم نەخوشییە ئەگەر تازە بێت بە ئاوی گەرمو ئەنتی بایونیك چاك ئەبێتەوە ، بەلام چاکترین رێگا بۆ چارەکردنی ئەم نەخوشییە ئەوەیە زیچکاوی دوومەلەکە بنێردرێت بۆ « مختبر » بۆ « زرع »کردنی تاکو جۆری میکرۆبەکە بدۆزرێتەوەو بزانرێت بە چ جۆرە ئەنتی بایونیکێك ئەکوژرێت ، ئەوسا ئەوەدرمانەی بدرێتی و دوومەلەکەش بەهۆی درینەوە پاك بکرێتەوە لەزیچکاو .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

لە ٢٦ی مانگی رەشەمێی کوردی - رێکەوتی - ١٧ی ئاداری ساڵی :

١٩٤٧ - دکتور (سیر فردریك هایکینس) کە (ڤیتامین)ی دۆزیبوەوە لە تەمەنی هەشتاو شەش ساڵیدا مرد .

١٩٦٥ - دە هەزار کەس لە بەغدا بە خۆپیشاندانێك چوونە بەر بالیۆزخانەی ئەڵمانیای رۆژئاواو نارەزایی خۆیان بۆ ئەوە دەربڕی کە ئەو دەوڵەتە دانی نابوو بە ئیسرائیلدا .

- × -

لە ٢٧ی مانگی رەشەمێی کوردی - رێکەوتی ١٨ی ئاداری ساڵی :

١٨٧١ - لە ئەنجامی شەڕێکی ناوخۆیی حوکمی کۆماری لە فرەنسا ئاشکرابو .

١٩١٥ - شەڕی (چەناق قەلعە) لە نێوان تورکیاو دەوڵەتانی دەسەت درێژکەر لە ئەنجامدا تورك لە پاریزگاری چەنەقەلا سەرکەوت .

١٩٤٩ - مۆرکردنی پەیمانی ئەتلەسی (ناتۆ) لە نێوان ئەمەریکاو دە دەوڵەتی ئەوروپایی .

١٩٥١ - قانونێك بۆ جێبەجێ کردنی مافی مامۆستایان مۆر کرا ئەم قانونە ئیستا پووچ کراوە .

١٩٦٢ - پەیمانی ئاشتی نێوان فرەنساو حکومەتی شۆرشی جەزائیری لە شاری (ئویان) ئیمزاکراو کۆتایی بە شەڕێکی حەوت ساڵی هێناو جەزائیر سەربەخۆیی وەرگرت .

١٩٦٥ - فاروق دوا مەلیکی میسر مرد .

١٩٦٥ - یەکێتی سۆفیات کەشتیەکی ئاسمانی بەناوی فوسخۆدی دووەمەوە بەرایە ئاسمانی دەرەوەو گەشتەکەی ٢٦ سەعاتی پێچوو .

- × -

لە ٢٨ی مانگی رەشەمێی کوردی - رێکەوتی ١٩ی ئاداری ساڵی :

١٨٧٧ - بۆ یەکەم جار لە مێژوی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوەوە .

١٩٢٩ - مارشال (فۆش) کە پیشەوایێکی سوپایی فرەنسابوو لە جەنگی جیهانی دووەمدا ناوبانگی دەرکردبو کۆچی دوایی کرد .

- × -

لە ٢٩ی مانگی (رەشەمێ)ی - رێکەوتی - ٢٠ی ئاداری ساڵی :

١٧٢٧ - زانای ماتماتیکی بریتانی بەناوبانگ (نیوتن) کۆچی دوایی کرد .

١٨٨٠ - زانای فیزیای ئیتالی (ڤۆلت) هێزی کارەبای دۆزیەوەو بەناوی خۆیەوە ناوی لێنرا .

١٩٥٠ - حکومەتی شای ئێران ناچار کرا بۆ بەرەلا کردنی ١١٩ ئەندامی توده لە بەندیخانەکانی ئێران .

- × -

لە یەکی مانگی (نەورۆز)ی کوردی - رێکەوتی ٢١ی ئاداری ساڵی :

جەژنی نەورۆزی (کورد) - سەری ساڵی ٢٦٧٣ی کوردی - رێکەوتی (١٣٥٢)ی کۆچی هەتاوی - ئێرانی - .

١٨٨٥ - پاش شەڕێکی دوو ساڵی هێزی فرەنسا وڵاتی هیندی چینی (ڤیتنام) ، کەمبۆدیا (لاوس) ی داگیر کرد .

١٩٠٧ - جەژنی دایکان .

١٩٢١ - مۆر کردنی قانونی ئەساسی عیراقی ئەم یاسایە بریتی بوو لە دە بەش و ١٢٠ مادده .

١٩٣٠ - خۆپیشاندانێکی فراوان لە بەغدا دژی بریتانیا بەرپابوو .

١٩٤٥ - میساقی جامیعەی عەرەبی مۆرکرا ، ئەو دەوڵەتانەی ئەوسای عەرەب ئەمانەبون (عیراق . سوریا . میسر . ئوردون . یەمەن . لوبنان عەرەبی سعودی) .

١٩٤٦ - یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هەڵاڵە) لە بۆکان بڵاو کرایەوە .

١٩٤٧ - کۆماری کوردستان لە کوردستانی ئێران هەرەسی هێنا .

- × -

لە ٢ی مانگی (نەورۆز) - رێکەوتی - ٢٢ی ئاداری ساڵی :

١٨٣٢ - شاعیری ئەڵمانیای بەناوبانگ (یۆهان گۆتە) لە تەمەنی هەشتاو سێ ساڵیدا مرد .

١٩١٩ - کوردی بەناوبانگ (شەریف پاشا) لە پاریس بەناو کوردەوەو بۆ داواکردنی مافی نەتەوایەتی کورد یادداشتێکی پێشکەش کۆنگرەی ئاشتی کرد ، ئەمە کۆنگرەیەکی بەرزبوو لەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان پێك هاتبوو .

١٩٧٢ - مەهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکوك دوو رۆژ کۆبوەوە .

- × -

ئەو رۆژ جیژنی سەربەستی و ئازادی وهاوکاریە

عبدالله بەرزنجی

هەمو ساڵیك گەلی کورد بەهەموو چینەکانیەوە یادی رۆژی ٢١ی مارت ئەکاتەوە کە رۆژی جەژنی سەری ساڵی کوردی یەو جەژنی نەتەوایەتی گەلی کوردە ، وە هەر وەها یاد کردنەوەی ئەو رۆژە مەزنە نیشانەیەکی تری سەرکەوتنی هێزی جەماوەری گەلە بە سەرزۆردارو داگیرکەرا ، وە لە رۆژی ٢١ی مارت کاوەی ئاسنگەری کورد چەکوشەکەی هەڵگرتو کەوتە پێش جەماوەری زۆر لێ کراوو هێرشی پاڵەوانانەی بردەسەر (ئەژدەهاك)و سەری پان کردەوەو گەلی هەزاری رزگار کردو رژێمە بژگەرەکەی لە بنەڕەتەوە هەڵتەکاندە ئەوەبو ئاگری خۆشی و شادی لە سەر لوتکەو چیا کانا کرایەوەو مژدەی سەرکەوتن و هاوکاری بە خەڵکی کوردستان راگەیەندرا

بۆیە گەلی کورد لە سەرهەمان رەوشت ئەو رۆژ نەورۆز ئاگر ئەکاتەوەو شایی زەماوەندو بەزمو رەزم ئەکەنو بەجەژنی سەرکەوتنی دائەنین .

هەروەها زەحمەت کێشانی کوردستان بە تایەتی جوتیاران نیشانەی بەهاریان لێ هەلدێتو کاتی توانەوەی بەفرو نەمانی سەرماو سولەی زمستانان لێ دور ئەکەوێتەوەو ئەکەونەو سەر کاری ئاسایی خۆیاروکێلانی زەوی وزارو زەوباخیان .

دەیا هەمو لایەك بە کوردو عەرەب و هەمو کەمەنەتەوایەتیەکانەوە لە هەموو دەستەوپارت و ریکخراوەکانی عراقو کوردستانەوە لە نەورۆزی ئەمسالماندا یەك گرین و بەلێنی تازە بکەینەوە لە سەر بەردی یەکیتی و دژی ئیمپریالیزمو زایونیزم مۆنۆپۆلیەکان رابوەستینو دەستی یارمەتیو هاوکاری بۆیەك درێژ بکەین و ولات زیاتر بخەینە ئاشتیو خوشیەوەو دوژمنانی گەلی عراق بە ئاگری نەوورزی ئەمسالمان بسوتینین .

گۆشەی لە پێناوی زانیاری دا

نەریمان

باوکی عەبدوڵلا شەرەفودین کوڕی مەحەمەدی کوڕی عەبدوڵلا کە ناوبانگی (ئیبن بەتتویە) لە ساڵی ١٣٠٤ لە مەراکش - مەغربی ئیستا - لە شاری تەنجە هاتوەتە دنیا وە لە هەموو گەڕوکەکانی عەرەب زیاتر گەڕاوە . ئیبن بەتتوتە لەساڵی ١٣٢٥ زایینی لە شاری (تەنجە)وە دەرچوەو میسرو فەلەستینو سوریا گەڕاوە ئینجا چوەتە حیجازو حەجی کردوە ، لە حیجازەوە بەرێی بیابانی نەجدەوە بەسەر شاری (حایل) تی پەڕی کردوەو گەیشتوەتە (نەجەف)و زیارەتی مەرقەدی ئیمامی (عەلی) کردوە هەر لەوێوە لە کەناری روباری فوراتەوە چوەتە (بەسرە) لەویوە پەریوەتە (ئێران)و گەراوەتە وە عێراقو هاتوەتە (بەغدا) لێرەشەوە لە سەرخۆ لە کەناری روباری (دیجلە)وە بەرەو (موسل) ڕۆیشتوە لەوێشەوە چوەتە (دیار بەکر) ئینجا پیچی خواردوەتەوە (سوریا) و جاریکێتریش (فەلەستین) و بۆ جاری دووەم چوەتە حیجازو حەجێکی تری کردوەتەوە .

پاش ماوەیەك لە دەریای سوورەوە پەریوەتەوە ئەفەریقا لە کەناری رۆژهەڵاتی ئەفەریقا گەشتێکی باشی کردوەو تێکەڵی دانیشتوانی ئەو وڵاتەبوە ، هەر لەوێوە بە کەشتیەك لە زەریای هیندی یەوە پەری وەتەوە ئەمبەرو گەیشتوەتە وڵاتی (حەزرەمۆتو عوممان) لەوێشەوە سەرکەتوەتە حیجازو بۆ جاری سێیەم حەجیکی تریشی کردوە لەوێشەوە چوەتەوە (میسر) ئینجا (سوریا) و (ئەنەدۆل) لە ئەنەدۆلەوە گەیشتوەتە بەحری رەش و کردویەتیە ئەوبەری دەریاوەو پاش گەشتێکی نەو ناوە گەراوەتەوە (ئەستەمول) لەوکاتەدا (ئەندرونیکی سێیەم) فەرمانرەوای ئەو ناوەبوە .

پاش ماوەیەك چوەتە وڵاتی خوارەزمو (بوخارا) و لە (روسیا)ش گەشتێکی کردوە لە وڵاوە بای داوەتە (ئەفغانستان) لەوێشەوە گەیشتوەتە (هیندوستان) و بە کەناری زوباری (سند)ەوە ڕۆیشتوە تا گەیشتوەتە شاری (دەلهی) لەوشارە هەشت ساڵ مەوەتەوەو گراوەتە (قازی) ئەو شارە . لەوکاتە (مەحەمەد خان) مەلیکی دلهی بوو ئەم مەلیکە ئیبن بەتتویەی بۆ وڵاتی (چین) ناردوە ئەمیش کە لە هیندوستان دەرچوە بەسەر دورگەکانی (مالدیف)و (سەرەندیب - سیلان)ەوە تێپەڕیوەو گەیشتە (جەلیجی (بەنگالە) وە چوەتە ئەو دیو ئینجا بەسەر (جاوە)و (سومەترە)وە ڕۆیشتوە تا گەیشتوەتە (چین) ماوەیەکی لێ ماوە هەر لەرێی پێشوەوە گەراوەتەوە جاریکیتر سەری لەو دورگانە داوەتەوە ئاوەتەوە هیندوستان، ئەمجارە ئەوەندەی لێ نەماوەتەوەو بەرەو (عوممان) ڕۆیشتوە لەوێوە چوەتە (ئێران) و بەسەر عیراقدا نێپەری کردوەتەوەو چوەتە (تەدمور)و لەوێشەوە بۆ (شام)و (قودس) و (قاهیرە) چوە سۆزی حەجی کردوەتەوەو بۆ جاری چوارەم حەجی کردوەو لە مسرو تونسی و جەزایرەوە لە ساڵی١٣٤٩ گەراوەتە(تەنجە)ی مەلبەندی خۆی واتە ئەم گەشتەو دوورکەوتنەوەی (٢٤) ساڵی خایاندوە .

ئەوەندەی پێ نەچوەدیسانەوە کەوتوەتە گەڕ ئەمجارە سەرێکی (ئیسپانیا)ی داوەو گەراوەتەوەوە بەسەر وڵاتی مەراکیشی لای خۆیەوە راستەوخۆ چوەتە (سۆدان) و گەراوەتەوە (فاس) لەم چونو هاتنەوەی سۆدانە لەکەناری روباری (نیجەرە)وە ڕۆیشتوەو وای ساڵی :

نامەی هاوکاری

١٩٤٧ کرێکار لە ئیشیان بۆ دۆزاروەتەوە

مەکتەبی ئیش و کار دۆزینەوەو بو کریکاران لە ماوەی مانگی رابوردوا ١٤٩٧ کریکاری خستوتە سەرئیش . بەرامبەر بە ١٣٩٧ کریکار کە لە مانگی پیشوترا (کانونی دووەم) ئیشیان بۆ دوزرابووەوە .

وە هەروەها لە ماوەی ساڵی پارا بەهۆی مەکتەبی نارپراوەو ١٥ هەزارو ٦٨٣ کریکار بە بێ کاری رژگاریان بووە .

ئەوەی شایانی باسە ١٩ مەکتەبی ناونووسین خەریکی ئەوەن کریکارە بێ کارەکان بەپێی ئەولیستەیەی ناوی بێ کارەکانی تیا ئەنوسریتو بەپێی ئەوەو مەرجانەی دانراون ئیشوکار بو کریکارە بی کارەکان بدوزنەوە .

یەکەمین پیشانگای پیشەسازی یەکانی دەستکردی کچان لە هەولێر

رۆژ بە رۆژ رژلەکانی کەنی ئیمەش ، دەسەلێنن ، کەخاوەن توراناو بەهرەو پیشدەکەون ئەکەر باری پێویست بویان زامن بکرێ .

نموونەیەك لەم رووەوە پیشانگای پیشەسازی یەکانی دەست کردی قوتابخانەی ئامادەیی هونەریەکانی ناومالی کچان لە هەولێر ، کە هەفتەی رابردو لەلایەن دەزگای چالاکی هونەری سەر بە پەروەردەی هەولێر لەژێر چاودێری بەرێز پارێزگاری هەولێر رێکخراو هەروەکو ماموستا مهدیە مستەفا سەر پەرشتی کەری پیشانگاکە ، بۆ « هاوکاری » قسەی کرد : « بەرهەمی چالاکی (٤٠) قوتابی یەو سێ ساڵ زیاترە پێوەی خەریکین و هەمووی هونەرو بەرهەمی دەستی رەنگینی کچەکانمانە » .

پیشانگای ناوبراو بریتی بو لە چەند بەشیك وەك :- « تەخریم - کولین - ، دەست کردی فولکلۆری ، تابلۆی دار - حرق علی الخشب - ، مافوری دەست کرد ، بەرە ، چنینین ، بەشی خەیزەران ، چەندەها وردەکاری تر وەك دروست کردنی ، گوندان و هتوانە کەوکەرستەی رازاندنەوەی ناومان» وە هەر بەشێك خۆی لەخویدا پیشانگایەکی تایبەتی بوو .

لەم پیشانگایەدا هەشت قوتابی بەرهەمەکانیان زۆر دلگیرو بش بوو .

دلخواز محمد ، رووناك علی نزاهەت مصطفی ، الهام جلال، شوقیە عثمان ، هەمین طە ،مریم قادر ، نەرمین جلال .

راستی یەکەی بۆ یەکەمین جارە شاری هەولێر پیشانگایەکی وا پیشکەوتوی پیشەسازی دەست کردی رەنگین بەخویەوە ببینی ، هیچ پیشانگایەك تا ئیستا بەم جورە پوختو گەورە بوبیت هەروەها نزیکەی پێنج هەزار کەس تەماشای بکات و زۆربەی رۆری مادەکانی بفروشرێ .

هەروەکو ، ماموستا سلطان عبدالله لەپرسراوی دەزگای چالاکی هونەری سەربەپەروەردەی هەولێر ، بە « هاوکاری »ی راگەیاند :- « تە گەورەترین و باشترین پیشانگایە تائیستا لە کوردستان سازکرابێ ، نەك تەنیا لە لایەن کچانەوە ، بەڵکو لەلایەن کورانیشەوە .

ئەوەی شایانی باسە ، رۆژنامەنووسێکی بولگاریانی ریپورتاجێکی جوان و فراوانی لەسەری نووسی .

هاوکاری : بەم بۆنەیەوە زنسك ترین پیروزبایی بە ئامادەکەرانی پیشانگاکە دەکات و هیواداره هەمیشە پێش کەون بۆ بەرزکردنەوەی ئالای هونەری راستەقینە .

م. حیدری

institut kurde de paris

گوڤارا هاوار و لدوی چوونەكا پێدڤی

-١-

ڤەكۆلینا گۆڤارو رۆژنامێن كوردی پێدڤیێكا فەرە بۆ مێژووا رەوشەنبیریا كوردی ، رۆژنامەگەریا كوردی گەلەك خەباتا كوردا یا كری دهەموو دەمادا ، لگەل دەست پێكرنا خەباتا كوردایەتیێ لدوماهیكا جەرخا نۆزدێ ، بزاڤا رۆژنامەگریێ ژی سەرێ خۆ هەلدا ، لكوردستانا رەنگین ژ ماڵەكە ناڤدارو پێسۆزا مللەتێ كورد، « خێزانا بەدرخانییا » . لسەر دەستێ « مقداد مەدحەت بەدرخان » ل رێك كەفتیا ٢٢ی نیسانێ سالا ١٨٩٨م لدووروەلاتێ خۆ ، لباژێرێ (قاهیرە) دەست هاڤێتە نڤیسینا رۆژنامابزمانێ زگ ماكی بنافێ رۆژنامە « كوردستان » . كوردستانا جگەرخوونی هەل بژارتیو خەملاندی بخوونێ پێشكێشی مللەتێ كوردی كری . زیانێ ژ ٣٣ هژمارە لسەر دەسنێ ڤان جوامێرا لچاپێ هاتنە دانولجیهانێ بەلاڤ بوون .

ڤی كاری نە شیا تێهنیا مللەتیو بنەمالا بەدرخانی بشكینت بەلكو بدلەكی سۆتیو پر هیڤی « عبدالرزاق بەدرخان»ی لباژێرێ (وەمێ)سالا ١٩١٣م دیسان رۆژنامەك دەرهینا بنافی « كوردستان » .

پشتی هنگی خوشكا نەمر« ثورەیا بەدرخان » رۆژنامە (ژین) لسالا ١٩١٦م لباژێرێ« قاهیرە » بەلاڤ كر ، ئەڤە ژ بلی گەلەك نڤیسینێو بەرهەڤێن دی پێش كێشی كتێبخانا كوردی كرن .

گەرمترین بزاڤو خەباتا بەدرخانیا دڤێ مەیدانێدا لسەر دەستێ « میر جەلادەت بەدرخانو دكتۆر كامیرن بەدرخان » بوو ئەوێد دوور كەفتین ژ ولاتێ خۆ ژ بەر زۆردارێ .

مەیدانا خەباتا وان بەلاڤ كرنا گۆڤارا ، هاوار ، رۆناهی رۆژا نو ، دگەل رۆژنامەستێرە » بوو ، ئەڤە ژبنی گەلەك نڤیسینێد دی بەرهڤیدلاتینیو عەرەبی .

مەبەستا مە دڤێ گوناریداگەریانو ڤەكۆلینەكە لگۆڤارا « هاوار » كو چەند هژمارەیێد دەستێ مە كەتین بهاریكاریا برایێ هێژا « ئەحمەد حسێن ئەحمەد » ئەم ژی ژ لایێ خۆڤە بەلاڤ دكەین ببۆنا بیرهاتنا گۆڤارا ناڤبریو جانێ (میر جەلادەت بەدرخان) .

بۆ جارا ئێكی گۆڤارا هاوار لرۆژا شەمبووێ رێك كەفتیا ١٥ی گولانێ سالا ١٩٣٢م هاتە چاپ كرن بتیپێن لاتینیو عەرەبی ل باژێرێ (شامێ)ولچاپخانا - الترقی - هاتە چاپ كرن .

ژ لایەكی ڤە (٥) بەر پەربتیپێن عەرەبی بوو ، ژ ئالیێ دی(١١) بەرپەر بلاتینی بوون، بتەبارا (٢٦ سم × ١٩سم) ب پەرێن سپیو كلێشەو خەتەكە هوور ، سەرێ هەمی بەرپەرا ب هژمارەو نافێ گۆڤارێ هاتبوونە خەملاندن .

هژمارا ئێكی چەند بەرپەر هاتبوونە تەرخان كرن بۆ ئارمانجو رێبازو هیڤی یا گۆڤارێ بحەرفێن عەرەبی ،بەلێ ئاخفتنا لسەر ئەلفو بایا كوردی بحەرفێن لاتینی هاتبوونە نڤیسین . ئەڤ گوڤارە بزمانێ كوردی ، فارسی ، عەرەبی ، توركی هاتبوونە نڤیسین .

ئارمانج و ئاواتو خەباتا هاواری - بكوردی

ئەلف بای كوردی - بفارسی

كردچە ألفنا - بتوركی

هدفنا و خطتنا - عەرەبی

الاحرف الهجائیة الكرویة - عەرەبی .

بەرپەرێن لاتینی ژی بڤان گوتارا بزمانێ كوردی ، هەتا بەرپەرێ -٧- هاتبوون نڤیسین

ئارمانجو ئاواێ خەبات و نڤیساندنا هاوار

ئەلفو بایا كوردی

ستوونا زارووان - هوزان -

ئەدەبیاتا وەلای

- هاوار هەبە گازی لدووە

- دۆرا دنیایێ

- هیڤی ژ خوینەدەڤانان

- فەرهەنگ

ژ بەربەرێ -٧- ڤە بزمانێ فەرەنسی چەند گوتارەك لسەر ئارمانجو رێبازا هاوار روحەرفێن لاتینیو ئەدەبیاتا كوردی هەتا بەرپەرێ -١١-ێ بی نڤیسییە .

د رووپەرێ دووێ هژمارا ئێكی چارینەك لبن ناڤو نیشانا (ژ خوینیدەڤانارا)بنافێ گۆڤارێ هاتبوونە بەلاڤ كرن :

هاوار هاوار وەیە
دەنگێ گازییا وەیە
ژینو زانینا وەیە
وەرن هاوارا خوەبەن

ئارمانجێد گۆڤارێ :

د پێشەكیا ئێكەمین هژمارا هاواریدا گوتارەك بنافێ « ئارمانجو ئاواێ خەباتو نڤیساندنا هاواری » هاتیە بەلاڤ كرن بهەردوو حەرفێن كوردی ، تێدا ئارمانجو رێبازا هاواری هژسا دیار دكەت :

« هاوار دەنگێ زانینێیە ،زانین خوە ئامینە ژ مرەریا خەلاتو خۆشیێ قەدكە ، هەركەسێ كو خۆ ناس دكە ،دكارە خۆ بدە ناسین .

هاوار مە بەری هەرتشتەكی ، مینا زمانێ كوردی بدە ناس كرن ، لۆما زمانشەرتا مینێ ئاپێسینە ، هاوار ژ وێ پێڤە هەر تشتێ كو كوردانیو كوردێتی بەندەوارە دی مژوول ببە ، تێ سیاسەتژێ دووری ، خۆنا ئێختە سیاسەتێ ، هاوارێ سیاسەتژ جڤاتێن ولاتیرا هێشتیە ، ب سیاسەتێ بلا ئەو مژوول بن ، ئەم ژی دواری زانینو هونەرو صفتی ددێ بخەبتن ».

ئارمانجێ گۆڤارێ ژی بڤان هەفت -٧- خالا هاتیە دیار كرن بزمانێ كوردیو عەرەبی ،كورتیا وان ئەڤەیە :

١ - بەلاڤ كرنا ئەلفو

بروانە ل : -٧-



مصدق توفیق

بەری بگەهت

بەهارە ، رۆژا لەدەم دەمی ئاڤا ، تیرێژێد وێد زێرین دنبا داگرت بوو ، رونشتە سەركناری ئاڤێو خالا خۆ دا وان دۆلو شیڤا ، دیت دخەملاندینەژ كولو گولزارا ، بایەكی هوونی لسەر خۆ یاریا ببەزناوان دكەت ، لسەر مایێ خۆرا نێری قیزەكێو خۆرتەكی دەستێد تێك دانایو بەرب وی تێنو دبێژێ :

- مام تو چاوا مە دبینی ؟

پەیڤا وان تیرەكە باطێ بوو داگەڕیا دلێ مامێ ، نە رۆزەكەی مری بەلكو هەیامەكە ! بێ هۆش بوو ، ئەو بایێ تەری لێ بووە گەرزینۆتكو وەكی گێرگێراتكا بلەشیرا چون . پەلگێد دارا لێ بوونە رەشێد شەڤێ ، خووندنا بلبلا بووە دەنگێ زەبێنیا ... رۆبدك بروێ ویدا هاتنە خوارو لگەل خۆ گۆت :

- بەلكی ئەز ژی بێزم من ژیانا رابواردی : ئاخ هەر ئەز چۆم ، بەلێ ئەز پێلم پچووكێد من مینا ڤان بن . دگەل هزرو متارێد خۆدا ما هەتا دنیا لێ بووە شەڤ ، چاڤێد كابانیا وی قەرمین لرێكا وی ، شیڤا ون سار بوو ، پاریەك دوو لێدان و بدلەكی مەلوول سەر دخەوێ كر ، نەزانی چی چاخی چاف كەتنە سەر ئێك ، سپێدی لگەل بارە بارا پەزی ژنگێ دەنگ ل زەلامێ خۆ كر دا رابت تەرشێ خۆ بسەرو بەر كەت ، بەلێ لشوونا خێرێ ژ خۆرا بحوازت دوور بژیت ژ قەداو بەلایا گۆت :

ئەز دێ كیژكێ دەمە برازیێ خۆ !

- بۆ خاترا عەزمانا برازیێ چی !

ژنك تێك چۆ . مالێ من هێشتا وا شیری دخۆت ، ژ كۆڤە دزانت مالو مێر چینە ؟ برەقی لێ زڤراندو گۆت :

- درێژ نەكە ، من داو دا پێكڤە بخۆشی بژین . پسمامێد ئێكن .

برازیێ مە ژی نیشانیا مرنێ ژەهرا كۆرە مارا ژ بابێرا ، دكونجەكێرا گەهاندێو لدۆرا گەردەنو دەستێد پەنیری نالانن كەیفا زەریا بێ گوناه هاتو بدەڤ كەنی گۆت :

- با ... دیارە ئەڤە دیاریە تە ژمنرا ژ دیاربەكرێ ئانیە ؟ دا لداوەتا برایێ خۆ بخۆڤە كەم ؟!

بابێ ، گاێ شاش ، بە كیژا من ئەڤە نیشانیا خواستنا تەیە ... رۆژ بۆ رۆژێ زەریاتی بەر بووە گولا گەش ، هەتا بووە زڤستان بابێ ئەمانەت ژ ستۆیێ خۆ ئانیە دەر ، كیژ لگەل بارۆڤێ شاندە ناڤ خزمان !

ئەو ئاڤاید سەد تەبەقی ، ئەوێد پیرە مێری دمێشكێ خۆدا ئاڤا كرین ، كو ببینت كیژو برازیێ وی دەستێد تێك ئێخستینو بشادی وێ دكەرن ئەڤە لگەل بای چۆن ، نافێ شوشتن .

دیسان لێ بووە هیڤار ، روو كرە بێدەرا ، چۆ دەڤ بێدەر- ڤانەكی دلخۆشو دەڤلكەنی ،

حەیدەر نەزام

**

چونكە بایی خورتەو گەزمێ وی باش جودا دكەت ژ كاینێ . بێدەڤانی گۆت :

- مامتو دبینیە چەند گەزمێ منی جوانە ، یی بێ قرشو مرشە . پیرە مێزی گۆتێ .

- گەلەك ! هنەك د مستا خۆ كرو پێدا نێری ، دلێ وی بخەم بوو ، جارەكە دی گۆت :

- بێدەرڤانۆ بۆچی گەزمێ من هۆسا نەی قەلەوە ؟ نەوی ژی لێ ڤەگێرا :

ئەز چوو جارا لەزێ
ددرووتنا وێدا ناكەم ، هەتا
نە گەهشت نا درووم . هەتا
هشك نەبت ژی نا قوتم . ئەزێ
ددێرم .

بەلێ دێنا خۆ بدە من (بەرێ خۆ بدەمن) شیرەتەكە دی ژ تەرا بێژم :

- لنك تە عەیان بت گەنەك دێ دەستێ من ماچ كەنو هبشیا ژ من دێ كەن بفرۆشمێ .

پشتی تەیرێ پیرەمێری ژ دەستا دەركەتی ، رۆژ لێ چۆیە ئاڤا ، ڤەگەریا مال برووكی گەمۆل ، كەس نە وێرتە بلفینت دڤی حالیدا كیژ بسەردا هاتو بدلەكی پووچلیو دوو چاڤید كژی گری ، گۆتە بابێ :

- با ... ئۆ با چارەسەر چیە ؟ ئەو دهۆلا تە لێدا وەكی خۆ خۆش نەهات ! باب ژی ڤێرا گریو هەتا چاڤید وی كەفتنە سەرئێك نەشیا بلی ڤان پەیڤان بێژت :

« خەلكێ ئەز درووتمو من
كەربا خۆ بتەدا رێت ... »

چیرۆكا رێنجبەرا

مەظهر مائی

مە ئەف عەورە ژ دلا كەنگی دێ ڕابن ؟
ئو گەنگی چاڤ مە دێ ژیوندتا زها بن ؟
نزم تویخین ژ روحا مەخدلك ڤەنابن
لەوا ژین و هەبونا مەعەزابن
وەكی فێقی بخووان نەم وەشاندین

× ×

مە كر هیڤی ژ خودی مەبكەنە ژیانێ
مە ئازا كەت ژ ڤی باخوێدرو هار
ئەوی مێتن ژ مە زاخ وزەڤەر خار
مە شەنگەهە چو نەماچارە نەما كار
وەكی گیسكا ئەمێت گرتین خەساندین

× ×

مە گازی هات گوهی چەندا شرینە
لژێر دەستێ بەگ و ئاغانە مینە
چی زولما هەی تو وێ راكە و هەلینە
بكوژە ئاغا ئو مێلاكێ بكەوینە
بناڤێ مللەتی لدویف خو خراندین

× ×

بەلاڤ بونە لناف مە چەند (براگر)
لسەر پشتا دەوارا خودوطا كر
بئەزمانێ حولی ونیل خەلك سەڤا كر
كوڕ و باب تێك هوسینو ژێك جوداكر
لدویفرا ڤان هەڤالا ئەم فراندین

× ×

لە كر گازی برا رێنجبەرتو رابە
فەقیری بكێر تە ناهێت یا خرابە
یا ئەم بێژین تو وێ بكەیێ وەسا بە
هلو تالانكە ئاغا كەدخودا بە
بڤێ رێكێ لرەخێت خو ئەم ڤەهاندین

× ×

هەوار كر گوت فەقیرا ڕابنە سەرخو
كراسێ (دیلی)(١) یێ بێخن ژ بەرخو
ئاغای دەركەن نەهیلن وی لدەف خو
ژ هینگێ وێڤە دێ شوملكەن بخو - بخو
مە گوت راستەلدویفخو ئەم بەزاندین

× ×

مە گوهدا وان ئەو وانگوت مە ئەو كر
مە شول هێلا ژی پاخلاخو بەر كر
قەسێت پوچ و خەبەرێژی ژبەر كر
دەنێ دیتن مە ئاغا بەرتێودە كر
بڤی ئاوای ژباشیا ئەم شەلاندین

× ×

مە دەست لێكدان مەگوت (سەیدا) بژی تو
بچن ئاغا ئو بمرن هەرهەبی تو
خورێ ئاغا مریشك بونماست و سەرتو
لشوین وارا مە نقروڕێبەری تو
تەیا زانی كوناغا ئەم مراندین

× ×

بەلێ ژ گازی و هەواریژان سەپانی
ژ وێ خەونێ مە دیتن پرگرانی
مە مێلاك گەزت ژ بەرپەنجا خودانی
برا باش بو مە زوی نەڤشولە زانی
بو فایدێ خووە نقرو نەم زەلاندین

× ×

ئاغا چون هات گرا (سەیدایێ) دلدار
دا كو بگەرهیت بئیریتمللەتێ ژار
كوڕێ مللەت مەدانا بەروی ساڤار
وەكی دیت دامە پاتك سل بو دژوار
خوڕی وەك نێركەرا لداڤا نهاندین

× ×

برو سەگ باب هەرە بینە عەلوكا
مە مەعدە نا حەلینیت نیسكو نوكا
تو خارنێ بو مە چێكەوەك سەروكا
بتورە لپێش مە روینەسەر دو چوكا
هەوار بن دەستیا نوی ئەم حەلاندین

× ×

د خار ئاغا مریشكەك ڤان كرن شەش
گەوی وان كوتەلە بوخارنا خوەش
زەڤێتن وان ڤەقیرێ بەختێ وی رەش
ئەون بلبل چ عەردێ لێ گولا گەش
زولم ئاغا د كرڤان ئەم كەلاندین

× ×

نەما لناف وان كەسەك خێر خاز و جامێر
ژ وی پەیدا بیت پاستی بكەت خێر
كو بێژیت دا لڤەقیرا بكەینە سەخێر
نەما لبیرێ ئەوا گوتی دوهی و پێر
ژ بێ چارانەوان چاڤێت نقاندین

× ×

زلم ئێكە چ ئاغا بكەنچ (سەیدا)
هەرا تەحلە چ یێ ژێ بیتە پەیدا
وە لەپ بەستن بئازەمیش جاهی قەیدا
ئەڤە شاهی وەرن ڤان گەیڤو عەیدا
دەما ئامیش بوقەید دەستێت قەتاندین

(١) دیلی : استعباد .

- یامایی -

دەست لسەر هەلینانو هاریكاری دژینا جڤاكی یا كوردانداە

صادق بهاء الدین

هەر وەكی من سوز دایە خوینیدەڤانێت بەرپەرێ كرەنجی كو دێ چەند بابەتێت جڤاكی بو ڤی بەرپەری نڤیسم ، من ئەڤە ژێ هەلبژارد ، هیڤیدارم بدلێ خوینیدەڤان و جهێ رەزامەندیاوان بیت .

ژرێڤە ئەز وەسا باش دزانم ڕامان و پەژنێ ژژینا جڤاكی بئاوایەكی زانستی روهنخویا بكەم داكو خوینیدەڤان باش تێبگەهێت نەمازە ئەڤ بابەتێت هو كێم كەس لسەر ئاخفتی نە ، ژبەر هندێ دكویری ئو بگرێنە پێ تڤی ڕاڤەكرنێنە . ڕامان و پەزنژژینا جڤاكی لدوی گۆتنا سوشیولوجیستان (جڤاتیزانان) ئەڤەیە : ژیتا جڤاكی : هەمی چیشنو ئاواییت ژینا جڤاكی یامرۆڤی بێجودایی دگریت ، ئەو ژینا مان و پارزتنا وێ لسەر لڤین ، بزاڤ و خەباتا هەدامێت جڤاتێ تێتەدانان یاكوسەروبەركرنا وێ رێز و تەرتیف ، ڕەوشت و تیتانێت جڤاتێ بسەروبەردكەن ، كو هاڤلی ئو شەنگستێت هەدامان دبزاڤێدا رێزدكەن هەرتێك دبیرورا ، سنج (ئەخلاق) ، ڕەوشت و رێز و تیتال ئی درستدین . كو بڤێ ڕاڤاژۆری بو خوینەدەڤانێ خوشتڤی دیاردبیت ، هندی ژینا جڤاكی بەهەمی لایێت ژین و ژیانا مرۆڤی دگریت ، رابوین و روینشتنێ كاركرن ، گێژگێژ ، لڤین ، بزاڤ و خەباتا دكەت، هەروەساخو ژبیرڤەكرن ، بیهندان ، دەم بخۆشی و شادی بۆراندن یان بنەخۆشی ، بزێمار و گری ئو بێ گۆتن ، بەهەردار وهەڤبشكبون دكار و كریارێت كریارێت دەستەكێت جڤانێ بێ رادبن و مروڤەك یان كەسەك نەشێت بكەت یان بێ چێنابیت ، وەكی هندە كارێت جوتیاری ئو ڕەزڤانیێ ، جۆبرن یا پاكژكرن ئاگر فەمراندن خو ژژڤرابوینێ پارازتن ، ئینانەدرا مروڤێت مال بسەرداكەفتی یان هەرفتی ، ژبەرڕەنی بسەردا هاتنێ هەد .

ئەگەرچی ژینا جڤاكی یاهەمی مللەتێت جیهانی وەكی ئێك ئی نەبیت ، بەلێ بێ گومانە ژیناچڤاكی یا هەمی مللەتان بێ جودایی هندە بنگەهە ، ستونو بنیات هەنە كو ژینا جڤاكی بێ وان بنگەهو بنەتاران بچورەنگان نامینت .

ژوان ستونیان هاڤلی ئوشەنگستە ئو پێوەندن ییت كو مرۆڤان یا هەدامێت جڤانێ -پێكڤە گرێددەن ، كو هەر ئێك دخركەكا خومالی دایە ، هەرئێك دخركا خودا ، دكارت ئانكو دشێت بزاڤ و خەباتا

بروانە ل : -٧-

خوینە مێژە " نا شیعرە "

نعمەت ئاكرەیی

د رۆژناما هاوكاریدا هژمارا- ١٥٤ - دا ، پارچە شیعرەك هاتبووە بەلاڤ كرن بنافێ(خوێن مێژن) یا برادەر - شەعبان ئەحمەدی - بوو .

لپێ داخوازیا رۆژنافێ ، من بتشتەكی فەر زانی ڤێ كاری پێخمە سەر ستۆیێ خۆو چەند بیرو رایا دەربیرم لسەر ڤی پارچە شیعری ، چونكە ئەڤەكارەكی فەرە بۆ خوونەدەڤانا بگشتیو خودانێ شیعری بتایبەتی .

پێش هەموكێ دروست كرنو فەهواندنا شیعری كەر كەر كرنا پێڤازێ نینە كو هەرمرۆڤەكی كێركەك هەبیت ، دێ شێت پیڤازێ قەت بكەت ! یان هەر چێ چار پەیڤێن كوردی بزانت بێت خۆ بكەتە شاعیر ، یان چەند پەیڤەكا لێك بدەتو شیعری : كێشیو سۆزو رێزكەت بێژت ئەڤە شیعرە ؟ خەیالو سەروا (قافیە) دڤێن، چونكە ئەڤنە جەهەوەرێ شیعریە نە ، ئێك ژ ڤانە تێدا نەبت دێ بتە ئاخفتنەكا ناڤ باچێری .

پێدڤێ تۆرڤان (شاعیر)روخساری شیعری باش بانزتو شەهرەزیەكا بەرفرەهە هەتەهتا بكارت پارچە شیعرەكی دەربینت ، ئەو ژی لدوو خوڕیوی (بواسطة الالهام) .

(خوێن مێژن) و كیەاسیێدوێ :

١ - برادەری پارچە شیعراخۆ یا لسەر ١٢ دێرو نیڤا دانایی ئەڤە نە هاتیە بیهستنەد مێژووا شیعریدا ، چو شیعر لسەر ڤی بابەتی نە هاتینەدانانە ، نە دئەدەبێ كوردیداو نە ل ئەدەبەكی جیهانی .

٢ - ئەگەر هاتو شاعیری پارچە شیعرەك دانا ، مەرجە هەر دوو نیف دێرا ژ دێرائێكی لسەر ئێك سەروایێ بن (قافیە) ، ئەگەر هاتو هەموولسەر ئێك سەروایێ دانان دێ بیتە تشتەكی نوو د شیعرڤەهاندنێ دا و دێ بتە كێماسیا شیعری .

٣- هندەك ووشەیێن وی نەدروستن ژ ئالیێ دروست كرنێو ڤژنەتیكێڤە ، وەكی كارهێنانا(ڤیندار) چ واتایا نادەت یا راست ئەوە (ئەڤیندرا) بكار بهینت چونكە - ئەڤیندار - ناڤێ كرۆكی یە - اسم فاعل -یا پێك هاتی ژ (ئەڤین + دار) نەكو (ڤین + دار) . ڤینژی چوو مەعنا نا دەت .

هەر هژسا بكار هێنانا« گوستیل دەڤن » بەرامبەری دەڤی لێك چۆنەكا (تشبیەكە)

بروانە ل : -٧-

institutkurdeparis

گەڕان و گفتوگۆیەك لەگەڵ قوتابیانی بەشی کوردیدا

هیوا محمد: پرۆگرامی خوێندنمان لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیان و زانستدا ناگونجێ .

شەکرە یاسین : کوڕو کچ .. هێشتا نەیانتوانیوە لە پاشماوەی دەردە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواریمان ڕزگاربن

خالد جوتیار : خوێندنی زانستگا زنجیرەیەکی نەپچڕاوە لە زنجیرەکانی ژیان

پاکیزە محمد صدیق : مامۆستاکان هەموو کاتێك ئەوەمان بەبیر دەهێننەوە کە ئەوان مامۆستاو ئێمەش قوتابین !

ئامادەکردنی : ئەرسەلان بایز

⊙

.. بەلای منەوە خوێندنی زانستگا زنجیرەیەکە لە زنجیرە نەپچڕاوەکانی ئەو ژیانە .. زانستگا قوناغی ژیانێکی نوێیە کە ئامانجیشی شەو تا بەیان باوەشی دوریمان بۆ دەکرتەوە .. جونکە تێکەڵاوی کچو کوڕ هەوڵێکە خۆشی ئەم ژیانەیە .. بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە ژیانی زانستکا روخسارێکی سادەو ناوەڕۆکێکی ئاڵۆزو پڕ گرێی هەیە .. ئەوەی ئاگاداری خۆی نەبێت گێژاوی تاڵیو ئازار ڕاپێچی دەکات ..

پ - ڕات بەرامبەر دەرسەکانی پۆلی یەکەم چییە ..؟

خوشکە دەخیلە عبدالجبار (پۆلی یەکەم) وتی : بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە جۆرە کێشەیەکمان دێتە بەردەم کە من لەم نوسینە کورتەدا ناتوانم بە تەواوی ڕای خۆم دەربڕم .. بەڵام دەتوانم بڵێم تارادەیەك دەگونجێ لەگەڵ ڕۆشنبیری ئێمەدا .. چونکە هەر یەکەمان لە شارێکی کوردستانەوە هاتوین .. بە گوێرەی من کێشە هەیە چونکە لە ژیانی خوێندنمدا جارێك لە جاران بەکوردی نەم خوێندوە چونکە لەبەغدا ژیاوم .. ئەوە ناڵێم سێ چوار مانگێك بۆی هەندێك کتێبی کوردیمان کرد بەڵام بێ گومان ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بگەینە رادەی ئەم دەرسە ئەکادیمیانە .. بەڵام هەر چۆنێ بێ باشە .. تا یەیتا پەیتا پێش دەکەوین و مێشکمان بە وشە کوردیەکان زاخاو ئەدەینەوە .. بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا مامۆستایەکی سەرکەوتوبین ، بۆیە من ڕای ڕاستەو خۆ نادەم .

پ - ڕات دەربارەی قوتابیە کوڕەکان چۆنە ..؟

خوشکە سعاد نوری (پۆلی یەکەم) وتی : بیروڕای تایبەتی خۆم سەبارەت بە ژیانی دانیشتگاو تێکەڵاویمان لەگەڵ برا قوتابیەکان لە وەوە دەست پێدەکات کە ئەم ژیانە جیاوازە لە هی دێنێ ، بەو پەڕی سەربەستیو شانازیەوە دەڵێم برا قوتابیەکانمان نموونەی خوو ڕەوشت بەرزیو جوامێرین .. لە پێویستیەکانی ڕۆژانەماندا بارمەتیمان دەدەن .. ڕە بە چاوێکی خوشكو برایانە سەیری یەکتری دەکەین .. بێ گومان ئەمەش خوو ڕەوشتی ئێمەی کوردە بەگشتی .. منیش بەش بە حالی خۆم وەك ئەوان هەست دەکەمو بیردەکەمەوە .. من بەو جۆرە ڕای خۆم دەردەبڕم .. ڕەنگە ڕای تریش هەبێ .

پ - وەك ئافرەتێکی ڕۆشنبیری کورد خۆوت بوچی هەڵگرتوە ؟


نازاد جلال

شەکرە یاسین

سعاد نوری


هیوا محمد

بەشی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیات گەورەترین کەرتی قوتابیانی کوردە لە زانستگای بەغدادا .. هەر یەکێکیش لەم قوتابیانە لە ناوچەیەکی کوردستانی عیراقەوە هاتوون بە نیازی شارەزایی پەیداکردن لەمیژوو ئەدەبو زمانی میللەتو خاکە دابەش کراوەکەیان .. چونکە دەیانەوێ چارەنووسێکی بەختیار بۆ دوارۆژی میللەتەکەیان بنووسن .. ئەویش بە خوێندنو زانستیو بەخۆوەگرتنی ڕۆشنبیری یەکی شۆڕشگێڕانە .. بۆیە هەمیشە وەك هەنگ بە دوای شیلەی گوڵی ژیانا دەسوڕێنەوە .. دەیانەوێ فێربن .. ئینجا میللەتە چەوساوەکەیان ئەوشبار بکەنەوە .. بە تایبەتی لە بارە چینایەتیدا کە دەورێکی سەرەکی دەبینی لە ڕزگار کردنی گەلاندا .. کەچی داخەکەم ئەم هەڵچونو تیژ ڕۆیشتنەیان بێ پاڵپشتە .. پنچکێك لە ناو دەریای نازازو ستەمدا بەدی ناکەن .. بۆیە بەرای من دەبێ خۆیان لە هەموو کەس زیاتر بیر لە نەبوونی ئەم پاڵپشتە بکەنەوەو هەوڵو خەباتێکی بێ وچان بدەن بۆ داهێنانی بارو زروفێکی باشو لە بار کە بتوانێ چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بکات .. قوتابیانیش لەم کۆمەڵگایەدا کەرتێکی فراوانن هەر بەم نیازەشەو بوو ، چەند پرسیارێکمان لە کچو کوڕانی بەشی کوردی کرد ..

بۆ ئەوەی بتوانین ڕاستی ئەم بەشەتان بخەینە بەردەم .. ئینجا .. ئێوەو ڕای قوتابیان .

پ - ژیانی زانستگات چۆن دێتە بەرچاو ..؟

کاك خالد جوتیار (پۆلی یەکەم) وتی : لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی کە دەڵێ .. ژیان خەباتو تێکۆشانێکی بێوچانە

قدریە حسین

عز الدین رضا


نجم الدین عزیز


خیلە عبدالجبار

پاکیزە محمد صدیق


خالد جوتیار


عباس محمد


مطیعە مجید

خوشکە مطیعە مجید (پۆلی دووەم) وتی : پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێك کەمو کوری یەکانی کۆمەڵەکەی بزانیو دیاری بکات .. وە هەوڵی چارەسەرکردنیشیان بدات .. ئەوەتا دەستە وەستان بوەستێتو دەست بە کلاوی خویەوە بکرێ یا ئەیبات .. بۆیە منیش وەك ئافرەتێکی ڕۆشنبیری کوردو خۆم بۆ خەباتو تێکۆشانێکی بێوچان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بکەینە بەهەشتی وڵاتێکی ئازادکراو .

پ - ئەوا نزیکەی چوار ساڵە لەبەشی کوردیدا دەخوێنی .. ئەم چوار ساڵە چۆن هەڵدەسەنگێنی ..؟

کاك هیوا محمد (پۆلی چوارەم) وتی : هیچ ناڵێم .. ئەوەندە دەڵێم کە هاتم بۆ بەشی کوردی چاوەڕێ سودبینینێکی زۆرم دەکرد .. بەڵام سەرسامەبن ئەگەر بڵێم چاوەڕوانی یەکم بە ڕێچەوانە دەڕچوو .. پرۆگرامی خوێندنمان لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیاروزانستدا ناگونجێت .. بۆ نموونە لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی سێیەم هیچ شتێکمان دەربارەی مێژووی میللەتەکەمان نەخوێندووە .. تەنیا ئەمساڵ کە ساڵی چوارەمە وا خەریکین دەست پێ بکەین ..

پ - ڕات بەرامبەر جێنۆڤۆندا .. ئەنجیلا دیفزی ئەمریکایی چییە ..؟

خوشکە نجمە حسین (پۆلی چوارەم) وتی : بێ گومان ژن نیوەی کۆمەڵە بگرە زیاتریشە .. ئەویش وەکو نیوەکەی تر لە دۆزەخی ستەمو ئازارادەژیت .. بۆیە پێویستە شان بە شانی مرۆڤ خەبات بکات .. لە پێناوی سەربەستیو ئازادیدا .. ئەنجیلاو فۆندانمونەی دوو ئافرەتی بە

نجمە حسین


طلعت أسعد


کمال أمین

ناهدە حسن

جەرگن کە توانیان زەنگولەی ئازادی ئافرەتانی ئەمریکا بلەقینن .. تەختی بورژوازی بۆگەن بێننە هەژان .. بۆبە دەڵێین ئەو دوو ئافرەتەو هەزارانی وەك ئەمانە نموونەی دەنگی دڵێرانەی ئافرەتانی جیهانن .. بۆیە ئێمەش بە شانازی بەوە ناوەکانیان دەخەینەریزی ئافرەتە ناودارەکانی کوردەوە .. وەکو .. قەدەم خێرو .. کچە نەغەدەیی ..

پ - باری چینایەتی بەشەکەمانت چۆن دێتە بەر چاو ؟

کاك عباس محمد حسین (پۆلی سێیەم) وتی : وەکو من بزانم چینایەتی لە کۆمەڵدادەست کردنیەو بە فەرمانی چەند کەسی نابەتەدیو کۆنایی نایەت .. بەڵکو شتێکی مەوزوعیە لە مێژوودا .. جائەم یاسایە لە ناو کۆمەڵگای فرەچیندا لە ناکۆکی دایە .. دانیشگاش بێگومان بەشێکی ڕۆشنبیرو گرنگی ئەم کۆمەڵگایەیە .. هەر ڕووداوێکی ئەم کۆمەڵگایە زۆر بە ئاشکرایی لە دانیشگای کۆمەڵگایەکەدا ڕەنگ دەداتەوە .. ئەمەش لە بەر ئەوەی کەرتی قوتابیان کەرتێکی شێواوەو لەڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە .. کوڕە جوتیارو کوڕە دەرەبەگ .. کوڕە کرێکارو کوڕە بورژوازی .. چوار دیواری یەك پۆل کۆیان دەکاتەوە .. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە .. ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کۆمەڵ لە قۆناغێکی دیاری کراودا ڕۆشنبیری ئەو چینەیە کە دەسەڵات دارە لە کۆمەڵدا .. ئێستاش لەم قۆناغەی ئێمەدا کە قۆناغێکی نیمچە سەرمایەداریە .. ئەم ڕۆشنبیریەمان ڕۆشنبیری ئەم چینانەیە کە لەوپێش لەسەر کاربوون بەڵام .. ئێمە .. یان ئەو قوتابیانەی لە چینی خوارەوەی کۆمەڵەوە هاتون .. بەڕیەڕچی ئەم ڕۆشنبیریە دواکەوتووە دەدەینەوەو بە چاوێکی ڕەخنە گرانەوە سەیری دەکەین .. چونکە تێنووی فەلسەفەی خۆمانین .. فەلسەفەی کرێکاران و جوتیاران .

پ - ئەو گیرو گرفتانەی کە دێنە بەردەم قوتابی کورد چین ..؟

خوشکە شەکرە یاسین (پۆلی چوارەم) وتی : بەڕاستی ئەگەر بە وردی تەماشای ئەو گیرو گرفتانە بکەین کە دێتە بەردەممان دەبینین زۆرن .. ئەگەر بەراوردی بەشی کوردیو بەشێکی ئەکادیمی بکەین .. دەبینین هێشتا بەشە کوردی یەکە ساواو نوێیە .. بۆیە گیروگرفتەکان زوو سەرهەڵدەن و بە ئاشکرا دیار دەبن بۆ نموونە .. پەیوەندیی نێوان کوڕو کچ .. بەرای من هێشتا کوڕو کچ نەیانتوانیوە لە پاشماوەی دەردە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواریمان ڕزگار بکەین .. گیروگرفتێکی تر .. کەمیی کادیری زانستیە چونکە ئەوەندە مامۆستایەی لە بەشەکەماندا هەن .. بەوە ڕاناگەن کە بۆشاییەکانی ئەم بەشە پڕ بکەنەوە .

هەروەها کاك (عز الدین رضا)ش (پۆلی سێیەم) لە وەڵامی هەمان پرسیاردا وتی : قوتابیانی ئەم بەشە چەند گیروگرفتێکیان دێتە بەر دەم .. یەکەمیان .. کەلاوە ناخۆشەکانی مەیدان و حەیدەرخانەگەورەترین گیروگرفتی قوتابیانن .. بەڵام ئەوەی لێی نەژیابێت نازانی چ باسە .. دووەمیان .. نەبوونی سەرچاوەو .. کتێبخانەیەکی فراوانە لە بەشەکەماندا .. سێیەم .. بایەخ نەدان بە بەهرەی قوتابی کە دەبێتە هۆی کپ کردنەوەی هەڵچونە ئەدەبیەکانیان چوارەم .. بەرای من پێویستە پرۆگرامێکی ساڵانەی پێشکەوتوانەمەبێت بۆ بەشەکەمان .. تا ڕادەیەکیش دەتوانم بڵێم ڕۆژی قوتابیەکانی پۆلی چوارەم کە ژمارەیان لە دوو سەد بەو لاترە ئەگەر پاش دەرچوونی ئەم ژمارە زۆرە شتێکمان بۆ بهێنێتەدی .

پ - چ پێشنیازێکت هەیە بۆ پێتەختکردنی بەشەکەمان ..؟

کاك ئازاد جەلال (پۆلی چوارەم) وتی : بۆ ئەوەی لە کاروانی شۆڕشگێڕانی جیهان دانە بڕێن پێویستە بەشەکەمان پەی زانیاریو ڕۆشنبیریو زانستی بەرزکاتەوە .. قوتابیانی بەشەکە نەوەستن بەلکو هەوڵی خوێندەوەی تربدەن .. هەروەها بەلاو کردنەوەی زۆربەی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە زمانو ڕیزمارو ڕوانیویانە ، کاك کەریمی حوسامی لەم بارەیەوە دەنێ (چونکە لە پێش ئەوەی دا کەخەتو نوسین پەیدابێ شیعرو هەڵبەستو گۆرانی هەبووە ، دیارە ئەگەر نوسینو خەت پەیدا بووە ، لە پێشدا ئەوشتانە نووسراونەوە کە هاتوونە سەرزارو زمانو لە ناوخەلك دا باو بوون) هاوکاری ژمارە (١٥١) ڕۆژی ٢٦-١-٧٣ منیش دەڵێم هەر بەو وتانەی کاك کەریم دەبێ پەخشان لە پێش تر بێ چونکە مرۆڤ کە لە سەرەتادا دەستی کردووە بەقسە دیارە بە شیعرو گێش و سەرواو مانایەکی قووڵقسەی نەکردووە ، بەڵکو بە شێوەیەکی ساکارو سادەبووە ئەمە لەلایەك ، کە هەر گۆفارو ڕۆژنامەیەك لە هەرشوێنێکدا بە هەر زمانێك دەرچوبێ زوربەی لاپەڕەکانی پەخشان بووەو چەند لاپەڕەیەکی بۆ شیعر تەرخان کراوە لەلایەکی ترەوە ، بە پەخشان سیاسەتو دەردەکانی کۆمەڵایەتی زیاتر دەزخراون وەك لە شیعر ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شیعری سیاسیو کۆمەڵایەتی نەبووە وە هەروەهاکاك کەریمی حوسامی دەڵێ (ئەو چوار شیعرەی کە مەدروخ دەڵێ لە سلیمانی دۆزراونەوەو لە کەوڵ نوسراونو لە دەست پەلاماری عەرەبەکان بۆ کوردستان دادوسکاڵا دەکەن بە تەواوی باری سیاسی هەبووە) ئەو شیعرانەی

٧ ی سیارە

نوسەرو ڕۆشنبیرانی کوردستان

وەڵامی کاك صباح غالب

پ : نوسینی کوردی لەکەیەوە باوە ؟

و : پێش هەموو شتێ دەبێ ئەوە بزانین کە جۆرە تیپێکمان نیە بە ناوی (تیپی کوردی) یەوە ، کەواتە دەبێ بڵێین لە کەیەوە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەستیان داوەتە نوسین بە هەر تیپێك بووبێ ؟ بۆوەرامی ئەم پرسیارە دەڵێین لەوەتەی خوێندەواری بەلاوبۆتەوە کورد فێری بووەو بە هەر تیپێك یا زمانێ بۆی لوابێ نوسیویەتی ئەمە بەلای منەوە شتێکی دەستورو یاسایە نەك هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەکانی تریش ، بەڵام لەوسەردەمانەدا کە کورد خۆی فەرمانڕەوایی خۆی کردووەو چارەنوسی بەدەستی خۆیەوە بووە ، وەك لە زەمانی میدی یەکاندا لەسەدەکانی «٨،٩ ، ٦،٧ »ی پێش لە دایك بوونفەرمانڕەوایی هەموو ئێرانو کوردستانو وڵاتی بابلیان کردووە بە خەتی مێخی (مسماری) شتیان نوسیوە ، وە بەدوای لەناوچونی میدی یەکانو هاتنی هاخامنشیەکان لە ٥٥٠ پێش لە دایك بوون هەر بە پیتی مێخی نوسیویانە ، نەوجادوایی لەسەر دەستی ئەردەشێری پاپاکان پارسەکان لەبەین براو ئیمپراتۆریەتی ساسانی کە کوردن نوسین بە تیپی پەهلەوی بووەو بناغەی ئارامی یە ، نوسین بە تیپی پەهلەوی بەردەوام بووە هەتا لە ناوبردنی دوا پادشایان کەناوی (یەزدی کورد) بووە لە ٦٥٠ زایینیدا واتا دوای هاتنی ئیسلامەکان بۆ کوردستان لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕون کەمەوە کە (یەزدجورد) لە بنچینەدا (یەردی کورد) بووە ، کە یەزد لە ساسانیدا بە مانای گەورەهاتووە وە کە لە کوردیشدا بە (خوا) کە وشەیەکی فارسی یە(الله) کە وشەیەکی عەرەبی یە دەڵێین یەزدان هەر ئەوەوەهاتووە ، بەڵام نازانم لەبەرچی فارسەکان هاتوونو دەیانەوێ بیکەنە مالی خۆیانو کردویانە بە (یەزد گورد) کە گوردلە فارسیدا بە مانای (ئازا) دێت عەرەبەکانیش شتەکەیان ئەوەندەی تر ئاڵۆز کردووەو وشەکەیان کردووە بە (یەردجورد) کە ئێستا هەر چەند دەکەین غیرەت ناکەین بە مالی خۆمانی بزانین نە مێژووەکە نە وشەکە !

لە دوای ئەمانە زمانی ئایینی ئیسلام کە عەرەبی یە خۆی سەپاند نەك هەر بەسەر کورددا بەڵکو بەسەر هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئیسلام بوون ، ئەمەش شتێك نیە بە گلەیی لەو خەڵکە بکرێ دوابەدوا کوردەکان هۆشێکیان بە خۆدا هاتەوەو دەستیان کرد بە نوسین بە تیپی عەرەبی کە یەکەم نوسراوێکو کتێبێك بە چاپ گەیەنرابێ بە کوردی دیوانی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بووە لە ساڵی ١٨٤٤ لە ئەستەمۆڵ لە چاپدراوە ، لەو کاتەوە کوردەکانی عیراق بەخەتی عەرەبی دەنوسنو کوردەکانی ئێران بەخەتی عەرەبیو فارسی شکستە ، بەڵام هینەکانی سۆڤیەتو تورکیاو سوریا بەخەتی لاتینی دەنوسن ، ئەوەی پێویستە ئاشکرا بکرێ مامۆستامەلا کاکە حەمە هەواڵێکی زۆری دا کە تیپ بۆ زمانی کوردی دابنێو داشی نا بەڵام کەمو کورتی تێدایەو تا نیستا بەکار نەهاتووە .

پ : لە سەرەتای پەیدابوونی نووسینی کوردی چ جۆرە نوسینێك باو بووە ، چیرۆك ، شیعر ، ڕۆشنبیری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئایینی ..؟

و : لەبەر ئەوەی مێژووی پەخشان پێش شیعر کەوتووە ، دەبێ لە سەرەتادا پەخشان نوسرابێ ، دوا بەدوای نەمە دەست دراوەتە شیعر ، کە دەڵێم پەخشان بە مانای هونەری و ئەدەبی نا چونکە مێژووی پەخشانی هونەری لەنیوەی دووەمی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات ئەوجا نوسینی سیاسیو ڕۆشنبیری دەستی پێ کردووە کە بە پێی کاتوسەردەمی خۆی بووە ، مەسەلە سەرەکی یەکە چ بووبێ لەوکلاو ڕۆژنەوە نوسەرەکان ڕوانیویانە ، کاك کەریمی حوسامی لەم بارەیەوە دەنێ (چونکە لە پێش ئەوەی دا کەخەتو نوسین پەیدابێ شیعرو هەڵبەستو گۆرانی هەبووە ، دیارە ئەگەر نوسینو خەت پەیدا بووە ، لە پێشدا ئەوشتانە نووسراونەوە کە هاتوونە سەرزارو زمانو لە ناوخەلك دا باو بوون) هاوکاری ژمارە (١٥١) ڕۆژی ٢٦-١-٧٣ منیش دەڵێم هەر بەو وتانەی کاك کەریم دەبێ پەخشان لە پێش تر بێ چونکە مرۆڤ کە لە سەرەتادا دەستی کردووە بەقسە دیارە بە شیعرو گێش و سەرواو مانایەکی قووڵقسەی نەکردووە ، بەڵکو بە شێوەیەکی ساکارو سادەبووە ئەمە لەلایەك ، کە هەر گۆفارو ڕۆژنامەیەك لە هەرشوێنێکدا بە هەر زمانێك دەرچوبێ زوربەی لاپەڕەکانی پەخشان بووەو چەند لاپەڕەیەکی بۆ شیعر تەرخان کراوە لەلایەکی ترەوە ، بە پەخشان سیاسەتو دەردەکانی کۆمەڵایەتی زیاتر دەزخراون وەك لە شیعر ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شیعری سیاسیو کۆمەڵایەتی نەبووە وە هەروەهاکاك کەریمی حوسامی دەڵێ (ئەو چوار شیعرەی کە مەدروخ دەڵێ لە سلیمانی دۆزراونەوەو لە کەوڵ نوسراونو لە دەست پەلاماری عەرەبەکان بۆ کوردستان دادوسکاڵا دەکەن بە تەواوی باری سیاسی هەبووە) ئەو شیعرانەی

بڕوانە ل : -٧-

بڕوانە ل : -٧-

institut kurde de paris

پاشماوەی : حەوت برسیارو ...

کاك حوسامی دەڵێ دەبێ هەر ئەوانە بن کە مامۆستای زانا و بەرز عەلائودین سوجادی لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا کردونی‌یە بەڕێگەی ئەدەبی کوردی پێش (١٢٠٠) هەزارو دوو سەد ساڵ لەمەو بەر کە بەم جۆرەیە :

هورمزگان رمان ناتدان کوژان

وێشیان شاردەوە گەورەی گەورەکان

..... هتد

بۆ ئەمەش دەڵێم ئەوانە لە راستی‌یەوە دورن‌و بنچینەیەکی زانستیان نی‌یە ، زۆریش لە مێژە بە تەمای مامۆستام دکتۆر کەمال فوئادی‌کە ئەو راستیانەمان زیاتر بۆ رون‌کاتەوە ، لام وایە لە ژمارە چواری گۆڤاری زانیاریدا نیازیکی وەهای دابوو بەدەستەوە .

پ٣ - چ جۆرە گۆسپێك هاتوونە بەردەم گەشەی کوردی نوسین ، ئەوەی پەیوەندی بە نەتەوەی کوردەوە هەبووە یاخود بە بێگانەو ئیمپریالیزمەوە ؟

و - هەر تەکەرەیەك بێگانەو داغ لە دڵ‌و ئیمپریالیزم‌و ئاغای دەرەبەگ بیهێننە مەیدان هەقی خۆیانەو من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەیان لێ چاوەنواڕ دەکەم ، وە هیچ کاتێ بەو هیوایە نیم کە بە دەستی حەلکی دوژمن زامەکانم تیمار بکەم ، ئەگەر ئەو دوژمنانەش فامیان هەبێ دەبێ هەرخەریکی بیلان‌و ئاژاوە نانەوەبن لە مەیدانی ئەدەبیشدا چونکە بەوانە حەنی دەبن ، ئەمە باوابێ ، بەڵام‌ەوی جێگای بێ کەیفی‌و ناخۆشیمانە کە دارەکە پوازەکەی لەخۆی بێ ، چاکترین نمونەش یەك نەگرتنی تا ئێستای ئەدیب‌و رۆشنبیرەکانمانن لەسەر زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو ، هەتا لەسەر دەستوری زمان ، هەر یەك خۆی کوێخای خۆیەتی چ بە چاك دەزانی وەها دەنوسێ ، دیارە ئەو خەلکەش هەموو خۆیان‌بە پسپۆڕو زانا‌و دانا دەزانن !

سەرباری هەموو ئەمانەش نەبوونی دەسەلاتێکی خۆ بە خۆی‌و سەربەستێکی تەواو باری سەربارانەو کالایەو بە بەرمان بڕاوەو تەوقی هەتا هەتای گەردنمانە ! لێرەشدا حەز دەکەم ئەو هەڵەیە راست کەمەوە کە مامۆستا شاکیر فەتاح‌و کاك کەریمی حوسامی لە ژمارەکانی (١٥٠ ، ١٥١)ی هاوکاری دەربارەی رۆژنامەی کوردستان دەڵێ : (١٨٩٧) هەوەلین رۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان بلاو بوتەوە بەڵام راستی‌یەکەی ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ ئەو رۆژنامەیە دەرچووە .

پ٤ - نووسەرەپێشمەرەوەکانی کورد کێ بوون ؟ وە بە چ شێوەیەك نوسینەکانیان بلاو کردۆتەوە ؟

و - ئەوەی بەدرخانیەکان پێش دەستیان کردووە لە پێش رەوایەتی نووسینی کوردیدا بە تورکی‌و عەرەبی‌و کوردی ، ئەوجا ئایەت‌وڵلای کوڕسمانی‌و شەرەفخانی بەتلیسی (کە بە هەموان کۆنترن) هەردوکیان بە فارسی نوسیویانە کوردستانی بە کوردشی هەیە ، پیرەمێرد لە ئەستەمول گۆڤاری (زەسمی کتاب)ی بە تورکی دەردەهێنا ، وە لەگەڵ پارێزەر فایەق‌سەبری گۆڤارێکی تری دەردەکرد بە عەرەبی بە ناوی (مصور المحیط) وە بە کوردیش ئەوە ژین‌و ژیان‌و ژیانەوە ، موستەفا پاشا یامولکی‌و عەبدول واحید نوری‌و عەلی کەمال باپیر ئاغا کە هەرسێکیان بە تورکی‌و عەرەبی‌و کوردی نوسیویانە سالح زەکی بەگ‌و سەعید کایان‌و مارف جیاوك‌و میررا مارف‌و حوزنی موکریانی‌و ئیبراهیم ئەحمەدو ئەمین زەکی بەگ‌و عەلائودین سوجادی‌و تۆفیق وەهبی بەگ‌و موحەمەد عەلی کوردی‌و جەمیل بەندی رۆژ بەیانی کە هەموویان زیاتر بە کوردی نوسیریانە .. وە گەلێکی تریش .

پ٥ - چاکترین گۆڤاری کوردی کامەیان بووە ؟ لەبەر چی ؟

و - دیارە چاکترین گۆڤار دەبێ ئەوەبێ بابەتێکی بە پیت‌و پوختەی لەنێوان بەرکەکانیدا کۆکردبێتەوە ، کەواتە یەکەم گۆڤاری کوردی (گۆڤاری گەلاوێژە ٣٩ - ٤٩) ، نینجا (گۆڤاری رۆژی نوێ ٦٠-٦١) کە بە راستی تامی گەلاوێژی دەدا ، وە (گۆڤاری هیوا ٥٧-٦٢) کە هەرسێکیان دەستی بالایان هەبووە لەبڵاوکردنەوەی مێژوو و جوغرافیاو زمانەوانی‌و ئەدەب‌و کۆمەڵایەتی ، لەم سەردەمەشدا گۆڤاری زانیاری‌و نوسەری کوردو بەیان کە درەنگ دەرنەچن گۆڤاری چاکن !.

پ٦ - بە پێی ئاگادارینان حیز بە سیاسی‌یەکان واتە (هیوا رزگاری ، شۆڕش ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، حیزبی شیوعی) دەوریان لەپەرە پێدانی نوسین‌و رۆشنبیری کورد چ بووە ؟

و - هەموو ئەو پارنانە هەر یەکە بە پێی خۆی خزمەتی نوسین‌و رۆشنبیری کوردی‌یان کردووە ، سەرکردەکانی هیرا هاندەری چاك بوون بۆ بڵاو کردنەوەی رۆشنبیری‌و کردنەوەی قوتابخانە ، رزگاری‌و شۆرش بە درێژایی تەمەنیان دوو رۆژنامەیان هەبووە بەناوی رزگاری‌و شۆرش ، کە ناوی خۆشیان لە رۆژنامەکانیانەوە هەبووە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموان زیاتر دەوری هەبووە چونکە ماوەی خەباتی لە گشتیان درێژترەو توانائی زیاتر بووە گۆڤاری رزگاری لە سەرەتای دروست بوونی پارتی‌یەوە (خەبات) بە نهێنی‌و ئاشکرا (خەباتی کوردستان) ، (النضال) بە عەرەبی (کوردستان) (رۆژی توێ) ، وە لە ساڵانی ٩٦١ ڕە تا ٩٧٠ زۆر گۆڤارو رۆژنامەی تر دەر دەکران وەك دەنگی پێشمەرگە ، سەفین ، رزگاری ، ئێستاش واتە دوای ١١ی مارت برایەتی بە گۆڤارو رۆژنامەی لەگەڵ (التآخی) پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش دەوری خۆی بینیوە لەو بارەیەوە رۆژنامەی ئاڵای کارگەر‌یاو ئازادی‌و هیوای کوردستان وە کەتك گۆڤارو رۆژنامەی‌تریش ئێستاش رۆژنامەی پیری نوێ دەوری خۆی دەبینێ ، (گۆڤاری الثقافة الجدیدة) و رۆژنامەی (الفکر الجدید) کە بەعەرەبی دەردەچن ئەوانیش دەوری خۆیان هەیە لە خزمەت کردنی ئەدەبی کوردیدا .

پ٧ - ئێستا چ ڕێباژێك لە بزوتنەوەی رۆشنبیری‌ی ئەدەبی کوردی‌دا هەیە ؟

و : ئەدیبان‌و رۆشنبیرانی ئەدەب دۆستەکان ئەو ڕێبازە بە چاك دەزانن کە خزمەتی زوربەی‌زۆری نەتەوەکەمان بکات کەواتە ڕێبازی نوێ‌و تازەکردنەوە لە ئەدەبدا بەرەوی زیادی هەیەو خەلکەکە بە خۆشی‌یەوە بەرەو پیری دەچن .

●

پاشماوەی : خانی شاعیری

چیروکەکە بە هەموو شێوەکانی‌زمانی کوردی گیردراوەتەوە .. ئینجا کە خانی شاعیر کوێی‌لەو چیروکە بوە هەستی نیشتمانی جولاوەتەوەو پێی‌ناخۆش بوە ئەو چیرۆکە بە تامە لەسەر ئەو شێوەیە بمێنیتەوە .. ئیتر دەستی کردووە بە هۆنینەوەی لەسەر شیوەیەکی هونەری‌و پر لە نەریت‌و خۆورەوشتی پاکی کوردەواری .. وە خۆی لە پارچە هەڵبەستیکا ئەڵێ مەبەستم لە دانانی ئەو چیروکە بۆژاندنەوەی چیروکی (مەمۆزینە) لە لایەك لەلایەکی ترەوە لە پەنای ئەو چیروکەدا گەلێ مەبەستو مرازی خۆم بدرکێنم .. واتە شاعیر زۆر مەبەستی‌هەبوە لە دانانی ئەو چیروکەو لەو پارچە شیعرەی خوارەوەی هەمووی بەدەر دەکەوێت ...

داکو خەڵك نەبێژن کو ئەکراد
بێ معریفەتن ، بێ ئەصل‌و بنیاد
انواعی میلەل خودان کتیبن
کرمانج تەنی دبێ حسیبن ..

هەروەها ئەڵێ :-

نەغمی وە ژ پەردەبی دەرینم
(رینامەی) ژنوێ وەژینم
شەرحا خەمی دل بکەم فسانە
زین‌و مەمی) بکەم بەهانە ...

١ - مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی یەکەم - ل (٢٠٤) .

٢ - لیرە بە پیویستی دەزانم کەروونی بکەمەوە .. مەبەستی خانی نەمر .. لە روم‌و عەجەم‌چەند کەسیکی دررندەی کار بەدەستی دوو دەوڵەتی-(سەفەوی‌و عثمانی) یە .. ئەگینا میللەتی کورد هەر لەسەرەتای‌پەیدابوونیەوە زۆر بە برایانەو مروڤانە لەگەڵ‌میللەتی تورك‌و فارسی ژیاوە .. هیچ کاتێك نەی‌وستوە هیچ‌میللەتێك بچەوشینێتەوەو خولامەتی‌یان پێبکا .

٣ - چیروکی مەم زین لە تەرازوودا .. مامۆستا شاکر فتاح - ١٩٦٩ لاپەڕە -٤٧- .

٤ - کوردەکان - باسیل نکیتین - دار الروائع - لاپەڕە -٢٣٦- .

پاشماوەی : بردیکی تاوانبار

سنوقێك لەناو لۆری‌یەکی لەهەمان چیگادا چەند ئوتوموبێلیکی بچووك‌دا گەورەدا بەسەر ئەکەوتبە خوارەوە !

جا پێویستە ئەم پرسیارەلە « أمانة العاصمة » بکەین کە بۆچی ژێر پردەکە قولتر ناکات تا بەئاسانی هەموو ئوتوموبێلیك بەژیریا هاتوچۆ بکات و ئیتر کارەسانی وا روو نەداتەوە ؟ ئیتر پێویستە رێ لەدەست درێژی ئەم بردە بزمە بگرین !

بەرهایی : دەست لە پەهلینان و هاریکاری‌یا

خو بو خوشکرن و بەرفرەهکرنا زیاری بکەت ، بەلێ زدەرفەلی خرکێ دێ هەفرویش و بەرهنگاری هندە کەسێت دی بیت هەر زبەر هندێ زی ، ریز و ریدار (یاسا) ، رەوشت و تیتالیت بچو رەنگا رێ نادەنێ دا هەر کەسەکی مزیت (مافیت) وی دپارزتی‌بن . زبلی ڤێ چەندێ زی ئانکو زبلی دانانا پاوان و توخوبیبت کارو کوششکرنا هەر کەسەکێ ، هەر هەدامەکێ جڤاتێ برێکا ریز و ریدار ، رەوشت و تیتالان جڤات ، ئاوا ئو رێکێت هاریکرن هاریکاری ئو دەست لسەر هەلنیانێ ، بو هەدامێت جڤاتی لدوی وارکەهی روهن و خوبا- دکەت . کارێ هەدامێت جڤاتی چ ئێچیرفانی ، رەزفانی ئو جوتیاری شڤانی ئو بازرکانی یان پیشسازی ئانکو شغەنکاری بیت .

پاشی لدوی زانینا خو من پامان و پەژن ژژینا جڤاکی دانا بەر چاڤێت خویندڤانان ، دێ لسەر دەست لسەر هەلینان ، هاریکرن و هاریکارێ ئاخڤم یاکو درێز ، رێدار ، رەوشت و تیتالیت مللەتی کورددا بێتە بەرچاڤ .

ژرێز و تەرتیف و تیتالیت جڤاکی یێت مللەتێ کورد زێدەبار لگوندان و جهێت پاشکەفتی دشەهیانا ، کۆفەند و دیلانا، داوەت و سەرخوشیادا نەمازە دژن‌ئینان یا فەگوهازتێ دا ، هاریکرن ، هریکاری ئو دەست لسەر هەلینانە ، بهەمی رەنگ و چیشن و ئاوایان . بیارێ هشك، بنان و مێهفاداری ئو بکارکرن بژن و مێرفە . ئەڤ رێز رەوشت و تیتالەنە وەنەبیت کارەکێ نوی یێ چەند سالانە ، بەلێ ژکەفنە رێز و تیتالانە ، یێت چەند سەد سالانە یان چەند چەرخانە ، مانیە ، جهوار و چەسبینە دمەژی ئو مەژکوتکێ مللەتێ کورد دانە کو لباژێر و جهێت پێش کەفتی رێز و رەوشت و تیتالیت بنافی رژژ ئافایی بناڤ دکەن ، بەرە بەرە جهێ وان دگرن .

دویماهی هەیە

بەرهایی : خوون مێژن وەشیعرە

نووە د ئەدەبی‌دا ، چو جوامێر نادەت .

٤ - رێزا شەشێ کیشرو ئاوازا وێ نەیە دروستە چونکە (گول شلێرن . بجانا دگەڤن) ٨ کەرتە ، بەلێ (لبەیانێ بۆ من دبشکڤن) ٩ کەرتە . دیسان رێزا هەشتێ ژی ئێك (٦) کەرتەو یا دی (١٠)ە .

ژ لایێ ناڤەرۆکی‌ڤە :

برادەر شەعبان ئەحمەد دزو کچا تەشبیە دکەت ب دوو سەرگولا باشە ئەڤە وێنەکا جوان نیشانی مە ددەت ، بەلێ برادەر دبێژت (خوێن مێژن)و نە بخوێن مێژێ ، یا دووێ دبێژت (پەهلەوانن تیرا دهاڤێژن ، شوونا تیرێدون نا ئیشت) . باشە مادەم شوونا تیرێژ وان نا ئیشت چاوا خوونێ دەژن ؟

ناڤەرۆکا وی چو وێنا نیشانی مە نادەت . هەکە تو ئاشقی هەموو دنیا دەکی تە ئاشقی‌و نوهێر بابێ ڤی بابەتێ شیعری نە مایە . شیعر ئەوە سەربخا مرۆڤی رابکێشت چارەسەر بکات ، بان هەستێ خوێندەڤانا بخەبینێت . با هیڤیدارم ژ برادەر شەعبانی ڤان پەیڤان بکێماسی نە زانت بەلکو هەری بەردەوام بت دڤەهاندنا شیعری‌دا بۆ خرمەتا مللەتی .

پاشماوەی : گەڕان‌و گفتوگۆیەك

رووناکی‌یە لە شەوێکی تاریك‌دا کوڕ : وەك ئاگری زستان وایە ... لێی نزیك بیتەوە دەتسوتێنی .. لێشی دوور کەویتەوە سەرمات دەبی ،

شەو : هۆنراوەیەکی بێسەرەتاو کۆتایی‌یە .

دیسان کاك کمال امین (پۆلی دووەم) بۆ وەڵامی‌هەمان پرسیار وتی :

ژیان : خەبات‌و تێکۆشانە .. بێ‌خەبات‌و تێکۆشان کەس مافی ژیانی نابێ .

مردن : سەرۆك ماوتسی تونگ دەڵێ : مردنی مرۆڤ لەپێناوی بەرژەوەندی گەلدا لە چیا سەختترە ..

بەڵام مردنی مروف لە رێی خزمەتی کۆنەپەرستو فاشستەکان لە پەڕ سوك‌ترە .

دڵداری : چەپکە تیشکێکە مرۆڤ بەکامەرانی‌یەوە دەبەستێتەوە .. شەو ! رۆژ ژمێری رووداوی رەچاو نەکراوە .. خۆ ئاخی کچیشم ناچێ کە ئاوو هەوایە .

پ - پەیوەندی نێوانی گۆڤ کورت چۆن دێتە بەر چاو لە بەشەکەماندا ....؟

کاك نجم الدین عزیز (پۆلی دووەم) لە وەڵام دا وتی : بۆ وەلامی ئەم پرسیارە یەکسەر ناتوانین بڵێین خراپە .... یان باشە ...!

بەڕای من تا ئێستا ئەم تێکەڵاویە تەواو دەقی خۆی نەگەزتووە .... ئەویش دەکەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعە تاڵە دواکەوتووەی کە کۆمەڵگای کوردەواریمانی تێکەوتووە .. بەڵام لە وانەیە کوڕەکان‌حەتای کچەکان بگرن‌و بڵێین کچەکان بێهێزن ... بەڵام ئەوەی راستی بێ وانی‌یە چونکە (بچوکترین بزەی کچێك کام کوڕت لەوێ سەرنجی رادەکێشی) بۆیە پێویستە ئەم کۆتۆ زنجیرە بپچڕێنین بۆ ئەوەی لەبنەڕەتدا دوا رۆژێکی رووناکتر ...

پ - پەیوەندی نێوان‌قوتابی‌و مامۆستات چۆن دێتە بەرچاو ؟

خوشکە پاکیزە محمد صدیق (پۆلی سێیەم) وتی : لەبەر ئەوەی زانستگا سەرچاوەی زانین‌و فێربوونە بۆیە ئەو قووتابیانەی کە دێنە زانستگا تێنوی فێربوونن ... بێ‌گومان ئەم فێربوونەش لە دوو ڕێگەوە دەست دەکەوێت ... ڕێگای یەکەم خوێندنەوەی ئەوکتێبانەی کە لەگەڵ نەفسیەت‌و نایدۆلوژیەتی ئەو قوتابیە دەگونجێ .

دووەم : موحازەرەی مامۆستاکان بەڵام هەر چۆنێ بێ‌قوتابی‌پێویستی بەهاندان‌و پشتگیری هەیە لە لایەن مامۆستاکانەوە ... بەڵام داخەکەم هەندێك لەمامۆستاکان هەموو کاتێك ئەوەمان بە بیر دەهێننەوە کە ئەوان مامۆستاو ئێمەش قوتابین .

بەڵام کاك تەلعەت ئەسعەد (پۆلی‌چوارەم) هەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وتی : ئەگەر بەوردی سەیری ئەو مەسەلەیە بکەین دەبینین ئەو بەیوەندی‌یە لەبەشی کوردی‌دا جۆرە ساردی‌و سستیەکی تیایە .. بەڕای من ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەر دوولای مەسەلەکە مامۆستاو قووتابی هەر دوو لایەکە کەمتەر خەمی دەکەن بەرانبەر هێنانەدێی ئەم پەیوەندی‌یە .. لە لایەکەوە مامۆستاکان ئەو (جەووە) ناخولقێنن کەقوتابی تیایا هەست بە قونابیتی‌و ژیانی زانستگا بکات .. بۆیە قوتابی‌یەکەش ئەم هاندان‌و هاتنە پێشەوەیەی مامۆستاکەی نابینێ یەکسەر ئەو ئازایەتی‌یە ئەدەبیەی کە پێویستە هەمیشە پێ‌بکا .... هەستی پێ‌ناکا‌و دووەم پەرێز لەم پەیوەندی‌یە دەوەستێ .

پ - قوتابی کورد ، تا چ رادەیەك توانیویەتی خۆی لە بارە کۆمەڵایەتی‌یە دواکەونوماکەی کوردەواری رزگار بکات ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە خوشکە قدریە حسن (پۆلی چوارەم) : وتی :

بێگومان پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێك دەکەڕێتەوەسەر بوونی خوێندەواری‌و ئەو کەسانەی ئەم ئەرکە دەخەنە ئەستۆی خۆیان ..

چونکە .. بە شێوەیەکی گشتی ، خوێندەواری هەمویی پێشکەوتنی هەموو بارەکانی تری کۆمەڵە .

ئەوەی راستی بێ قوتابی چرایەکی رووناکە بۆ روشن‌کردنەوەی ئەم ڕێگا تاریکە کە ئەویش دواکەوتوییە .. بە هەرچێ قوتابی بە چاوێکی تیژو بەبیرێکی وردو بە قەڵەمێکی درشت سەیری مەسەلەکانی سەدەی بکات .

بێگومان قوتابی کورد لەم بارەیەوە هیچ درێغی نەکردەوە هەمیشە دەورێکی خۆی دیوە . وە هەمیشەش بەرەوام ئەبێ لەم هەوڵ‌و تێکۆشانە ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە قوتابی کورد تاڕادەیەك توانیویەتی مەسئولیەتی خۆی بگێڕێ .

پاشماوەی : چەند وشەیەك

کورد لە بەغداوە دەرچوین‌و بەرەو شوێنەوارەکانی بابل کەوتینەرێ ، بۆ ئەوەی لەوێ‌و لەناو باخەکانیدا ئەڵقەی هەڵبەرکی بەبەستین‌و خۆی دڵمان هەڵرژێین‌و ئەوروز بکەین بەڵام هەر کە ئۆتۆمبیلەکان دابەزین یەکسەر برادەرێك بەهەڵەداوان پێمان گەیشت‌و پێی‌وتین (پێیان زانیوین‌و باشتروایە ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵین) ، ناچار سوار بوینەوەو ئەوەمان بەجێ هێشت‌و گەڕاینەوە ڕێ‌و خۆشمان زەمانئەزانی بۆ کرێ ئەچین .. تابردەڕێکی عەرەبی خەڵکی ناوچەکە بەغداوە دەرچوین‌و بەرەو شوێنەوارەکانی بابل کەوتینەرێ ، بۆ ئەوەی لەوێ‌و لەناو باخەکانیدا ئەڵقەی هەڵبەرکی بەبەستین‌و خۆی دڵمان هەڵرژێین‌و ئەوروز بکەین بەڵام هەر کە ئۆتۆمبیلەکان دابەزین یەکسەر برادەرێك بەهەڵەداوان پێمان گەیشت‌و پێی‌وتین (پێیان زانیوین‌و باشتروایە ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵین) ، ناچار سوار بوینەوەو ئەوەمان بەجێ هێشت‌و گەڕاینەوە ڕێ‌و خۆشمان زەمانئەزانی بۆ کرێ ئەچین .. تابردەڕێکی عەرەبی خەڵکی ناوچەکە دۆزینەو

● نەورۆزو بازو ... وەچەکوش ..
● نەورۆزو خۆینو مینشکی مناڵو .. زۆرداری ئەژدەهاك.
● نەورۆز ، شۆڕش ، بەکەم رۆژو یەکەم بازو .. بازوی زەحمەتکێشێك بو .. کرێکارێك ناوی « کاوە » بو .

—+—

ئەی کوردستان :

زەحمەتکێشێك ، بە چەکوش ، چەکوشی توڕەیی ، لە نەورۆزا ، سەلماندی باروی زەحمەتکێش .. ئەتوانی سەری زۆردار چەندە« گەورەبێ » پانی کاتەوە ..

(باوەر ، سەربەستی .. پاشەڕۆژێکی بەختیار بۆ گەل .. لە هیزی بازوی زەحمەتکێشەکانی کوردستاندایە !).

—+—

لە نەورۆزا :

لەیادی سەرکەوتنی ـ کاوەـ وروخاندنی « ئەژدەهاك »دا .. پرسیارێك :

(کوردستان ، ناوەو نەورۆز یادێکە ، سۆزی دەرون بجۆشێنێ ؟) ..

ـ نەء .. نەء ..

ـ کوردستانو یادەکانی کوردستان ، نەورۆزو چەکوشو زەحمەتکێش ، بازو .. شۆڕشو توڕەیی .. « باوەڕە .. »

نەورۆز

کوردستان .. باوەڕ

ـ باوەڕن نەك « سۆزی دەرونی جۆشاو » .

سۆز .. هەڵئەچێ .. لەیادیکا .. ئەنیشێتەوە لەیادێکی ترا ..

بەڵام باوەڕ :

سەختە ، وەکو سەختی بزوی رەنجبەر .. وەك بەهێزی چەکوشی دەستی ـ کاوە ـ .

نەورۆز ...

بەهارو .. نیرگزو .. زەردەخەنەی منداڵەکانی کوردستان .. باروی جوتیاری رەنجبەری کوردستان ، لە کێڵگەی ژیانی بەهارا ..

نەورۆز ...

بەتین بونی ئاگری شۆڕش لە هەموو دنیادا .. دژی یەك لا ، زۆردار ، چەوسینەرەوە .. کۆنەپەرست ..

وە .. نەورۆز ..

● فەلەستینو زەفارو گەلانی ئێرانو ئەفەریقای رەش ..

ـ کوردو کوردستانو حەبات دژی « جەهالەت » بۆ پاشە رۆژێکی باشتر ..

بۆ زەردەخەنەی سەرلێوی منداڵەکانی کوردستان ..

بۆ ئەوەی جوتیاری کوردستان بەرهەمی کێڵگەی رەنجی بۆ خۆی بێت ..

ـ با نەورۆز .. ئەو باوەڕەبێ .. ئەو مەبەستانە بەدی ئەهێنێت ..

ـ بەهرە ـ

نەورۆزو بیری تازە پشکوتوو

خالۆ .. ئەمرۆش رۆژی ساڵی تازەیە ... هەڵکردنی ئاگری نوێی لەم سەردەمەیە ... بۆ ڕۆشن کردنەوەی بیری تازە پێشکەوتوی ئەم نەنەوەیە .

خالۆ .. بڕۆ بەدەوشت کونجێکی وولاتەکەم ... پێیان بێژە .. هەڵپەڕین زۆرلا ... گۆرانی جۆراو جۆری سەر لێوە ووشکەکان زۆرلا ... خامی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەر هەموو دیوارێکاهەڵوەسرا ..

خالۆ ... ئەمانە هەموولەباڵ رۆژی نەورۆزدا کرا ... کە کاوەی ئەوسەردەم .. لێی بەدوورە ، چونکە نەورۆزی لەخەونی هەڵپەڕکی ئەم رۆژەدا بەدی نەکرد .. بەڵکو نەورۆزی لەچاوی رزگاری بەرچاو کەوت .

جا نەورۆز ... کە چەژنی ڕاستەقینەی هەموو ساڵیکی ساواکانی .. بڕۆ بەڕەو کشت دەرگا داخراوەکانی شارەکەم ... بڕۆ بەڕەو ئاسۆی ئەرخەوانی هەموو چەوساوەکانی کوردستانەکەم .. لەبەر ئەوەی یاد ئەکرێتەوە چ لەئاگر بارین و چ لەبەفر بارین .. یادئەکرێتەوە لەگشت قوژبنێکی شەقامەکانی شارەکەم ..

ڕێبوار عباس

نەورۆز

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە ، بەخۆشیو بەهاتەوە
ئەو رەنگە سورەبو کە لە ئاسۆی بلندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورونزیك گەبرد

ـ پیرەمێرد ـ

نەورۆزی من

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئەمڕۆ
ڕۆژی حەژنو خۆشیە
وەختی هەڵپەڕکێو سەمایە
مەوسمی تەڕ پۆشیە
دەشتو دەر گوڵ پۆشە
ئەم ڕەش پۆشیەت بێهوشیە
مۆنی روت بێجێیە
عالەم کەیلی بادە نۆشیە
من ئەڵێم نەورۆزو شادیو
جەژنی دیل : ئازادیە

ـ ئیبراهیم ئەحمەد ـ

میهرجانی فلیمی فەلەستین

سبەینی رۆژی شەممە ١٧-٣-١٩٧٣ لەبەغدا میهرەجانی فلیمی فەلەستین ئەکرێتەوە ئەم میهرەجانە نزیکەی هەفتەیەك ئەخایەنێو چەند وڵاتێکی عەرەب بەشداری تیا ئەکەن .

لەم میهرەجانەدا ژمارەیەك فلیمی سینەماییو تەلەفزیونی پیشان ئەدرێن کە دەربارەی مەسەلەی فەلەستینو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەی تۆمار کراون .

هەر جارەی نوسینێك ●●●

بەبونەی نزیك بونەوەی نەورۆزەوە :

رەنجبەران و نەورۆز
نەورۆز و رەنجبەران

هەر نەتەوەیەك لەدنیادا لەگەل دروست بونیا رەوشتو نەریتێکی تایبەتی بەخویەوە ئەگریت ، هەیە ئازایەتی دلیری ، هەیە هونەرمەندیو رازاننەوە ، هەیە تەسەرخویی سەبرو هیمینی .. هەروەها نەتەوەی کوردیش چەند شتیکی بەخۆیەوە گرتووەو ئەوشتانە بون بەرەوشتو نەریتێکی بونەتە مەرجێکی دروست بوونو تایبەتی بوی ، هەروەکو پەیدابوونیو بەدریژایی میژوی دروست بونیشی لەگەلیا هاتونەتەوە خوارەوە کە پێی ئەڵێن سەقافەتی ناوکۆیی .

پایەیەکی هەرەقایمی ئەم سەقافەتە ناوکوییەش لەچیروك یا ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەردا خۆی ئەنوینیت کەلەسەر بنچینەی ناکوکی نیوان رەنجبەرانو زوردارانا دامەزراوە .. بێگومان ئەم ئەفسانەیە زۆر زۆر کۆنە لەگەل ئەوەشدا لەسەر بنچینەی ناکوکی یا خەباتی هەموو نەتەوەی کورد بەبێ جیاوازی چینەکانی دانەمەزراوە .. بەڵکو بەروونیو ئاشکرایی ئەڵێت کاوەی ئاسنگەر .. واتە کاوەی گریکار .. کاوەی رەنجبەر .. سەرکردایەتی جەماوەری رەنجبەرانو زورلێ-کراوانی کردوو تەختو تاراجی زوحاکی زۆرداری خوینریژی تارومار کرد .. ئەمەیە رەوشتو نەریتی بزوتنەوەی شورشگیرانەی نەتەوەی کورد .. باووباپیرمان بەبیروباوەڕی راستی رەنجبەران گوشیان کردوینو پێیان راگەیاندوین کە :

١ ـ ناکوکی لەنیوان زورـ داران و زورلێکراوانا روو ئەدات .. لەنیوان چەوساوەو چەوسینەر .. لەنیوان رەنجبەرانو خاوەن موڵکدا سائەو موڵکە هەرچی یەك بیت !

٢ ـ سەرکەوتنی راستەـ قینەو بەردەوام هەر بەهیزی بازووی رەنجبەرانو پێشڕەوانی رەنجبەران دیتەدی .. ئەوی تری هەمووی سەرکەوتنی کاتیو بێبنچوبناوانە .. سا ئەبی ئەتەوەی کورد لەسەدەی سەرکەوتنی سوشیالیستیو روخانی ئیمپریالیزمدا ئەم سروشتو نەریتە رەسەنانەی باووباپیری خوی لەبیرچوو- بیتەوە !

دیارە .. نەء

بێگومان هەر لەسەر ئەم رێرەوە راستە ئەروات و هەر بەم رێرەوە راستەش هەموو ئامانجە نەتەوایەتیو چینایەتی یەکانی خوی جێبەجێ ئەکات .

وەکو کاوەی رولەو نوینەری رەنجبەران دوژمنە داگیرکەرو چەوسینەرەوەکەی کوردستانی بەهیزی جەماوەری رەنجبەرانی کورد لەناوبرد .

ر.و.ا.ب

هۆنراوەی "شیلی"

ـ ١ ـ

« چیا » ت دیوە
ئاسمانی شین چۆن ماچ ئەکات ؟
شەپۆلەکان ، چۆن یەکتر ئەگرنە باوەش ؟
گوڵ خونچەکان
دەست لەملی یەکتر ئەکەن ؟
تریفەی مانگ ، کە چۆن رووی دەریا ماچ ئەکات ؟
خۆشەویستم
ئەگەر ماچێ لەچاوی تۆم بەرنەکەوێت ؟
سۆزو نرخی ئەم ماچانە
ئەبێ چی بێت !؟

ـ ٢ ـ

ئەستێرەکان
ویڵو سەرگەردان
تیشکی بەتینیان ، گەشەو زیرینە
مانگی قەشەنگیش وا لەئاسمان
تیشکی بەتینە ..
خۆشەویستم « جین »
تاتۆ دووبارە ، بەکامەرانی
دەست نەکەیتەوە ملی گۆرانی
مۆسیقا ، سۆزو ئاوازی گەرمی
لێ دەرناکەوێ ...

وەرگێڕ : حەیدەر نانەکەلی



پردێکی تاوانبار !

ناو بەناو هەندێ رووداوکارەساتی جگەر بڕ لە ژێر پردی (صرافیە) لای وەزیریە نزیك کۆلێجی ئاداب روو ئەئەدات کە ئەبێتە زەرەرو ژیاتێکی زۆر لە ماڵو لەگیان .

هەموو لەبیرمانە کە پاصێکی مەصلەحەی گەورە لەو پردادەو گەلێ کەسی تیا کوژراو بریندار بوو .. ئیستاش وائەبینن هەر

بڕوانە : ل «٧»

« مۆبۆتو » لە گفتوگۆیەکی سەیردا



« جۆزیف مۆبوتۆ» سەروکی زائیر کە لەمدواییدا ناوی خۆی گۆڕی بە « مۆبوتۆ ، سیسس ، سیکۆ ، کوکو ، ئنجابندۆ ، ئازابانجا » گفتوگویەکی لەگەل رۆژنامەنوسیکا کردوو ، لەوگفتوگویەدا قسەی زۆر سەیرو سەرنج راکێشەری کردوو وە دەربارەی گۆڕینی ناوەکەی خۆی وتویە :

● بۆیە ناوی خۆم گۆڕیوە ، چونکە ناوەکەی پیشوم نەورووپایی بووە ..

وەمانای ئەم ناوە دریژەی ئیستەی ئەمەیە (سیس ـ خاك یاخاکی نیشتمان ، ئینجا بندۆ ناوچەیەکە لە زائیر ، سیکو ـ جەنگاوەری دلیر کە لە تەنگوچەڵەمە ناترسیتو گەرانەوەی بۆنیە تا سەرکەوتن ، کوکو ـ ئالەتی ـ بیبەر ـ توندو کەسکوس) .

دەربارەی ژیانی خۆیو پێگەیشتنی وتویە :

● کاتێ وڵاتەکەم زێر دەستەی بەلچیکا بو ، قوتابی بوم ، وتارم بۆ رۆژنامەکان ئەنوسی ، بەشداری خۆپیشاندانم ئەکرد ، لەسەر ئەوە لەقوتابخانە دەرکرام ، سزای هەر قوتابیەکیش دەربکرایە ئەوەبو ئەکرا بەسەرباز ، لەبەرئەوە بەبێ ئەوەی بمەوێ خۆم لەناو سوپادا دیبەوە .

ناوبراو لەم دواییەدا بەسەردان چوبو بۆ کوماری کەلی چین ، لەم بارەیەوە وتویەتی :

● ئەم چینیانە زۆر ئیش کەرن ، ئەتوانین زۆر شتیان لێوە فێربین ، کە ئەگەرێمەوە بۆ وڵاتەکەم بەکارهێنانی بوینباخ قەدەغە ئەکەم ، چونکە لە چین قەدەغەکراوە ، ئەزانن بە قەدەغە کردنی بوینباخ (١٥٠) ملیونجونەیهیان بو گەراوەتەوە بێگومان ئەم دەست پێوەگرتنە باشترە لە بەکارهێنانی بوینباخ کە شتێکی بێمانایە .

لە کوتاییدا ئەوەش بزانن کە « موبۆتو » لە پایتەختی وڵاتەکەی کیلگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە پانایەکەی بیست هەزار دۆنمە ، جۆرە میوەیەکی تیایە ناوی « ئەناناس »ە خواردنەوەیەکی لێ دروست ئەکرێ زورخۆش ، هەر لە کیلگەکەدا کارگەیەکی تایبەتی میوەهەیە ، میوەکانی ئەکات بە شەربەتو مەیو میوەی قوتوو !

چەند وشەیەك لە نەورۆزدا

عبدالوهاب طالبانی

زۆری حوکمڕانێکی دڕندەو خوێنمژ ... ئەوەش کە زیاتر جەژنەکەی خۆش کردوەو رەونەقی داوەتێ ئەوەیە کە کەوتۆتە سەرەتای بەهارەوەو ، لەگەل رەوینەوەی سەرماو سۆڵەی زستانو توانەوەی بەفری لوتکەی چیاکانو هەوا خۆش بوندا ئەبێتە میوانی کوردلستان .

● لە نەورۆزدا گەلی کوردمان بە هەموو شێوەیەك ، بارو زروف هەر چۆنێك بوبێت خۆشی خۆی دەربڕیوەو جەژنی کردوە .. نەورۆز هەمیشە جوڵێنەری هەستی نیشتمانی گەلەکەمان بووەو لەورۆژەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پەیمانی کۆڵنەدانو خەباتیان تازە کردۆتەوە لەپێناوی باشە رۆژێکی باشتردا ..

● لەباسی ئاهەنگ گێڕاندا بەم بۆنە پیرۆزەوە ، پیرە مێردی زەمەرمان دێتەوە یاد کە چۆن لەسەر گردی مامەیارە ئاگری کردۆتەوەو خەڵکی شاری سلێمانی بۆ قارەمانی بانگ کردوەو قوتابیانی کۆ کردۆتەوەو جەژن ، وشەیەکە شادیو خۆشی دەربڕینو بیرەوەریەکی پیرۆزو گرنگ رائەگەیەنێ لە مێژوی گەلاندا ..

● لەرۆژگاری کوردیشدا ، نەورۆز ، بە جەژنێکی نەتەوەیی گەورە ناسراوەو نیشانەیەك بووە بۆ تێهەڵچونو راپەڕینی خەڵکی رەنجدەری کوردستان لە قۆناغێکی مێژویی زابوردودا دژی چەوساندنەوەو زوڵمو سرودی نیشتمانی فێرکردون .. بۆ ئەم رۆژەش بوو ، کە سرودە بەناوبانگەکەی داناو ئەبینین لە هەمو ئاهەنگێکی نەورۆزدا :

ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە
ئەوترێتەوەو لامروایە هەتا ماوەیەکی زۆر دوور ، گۆرانیە هەرە خۆشو گرنگەکەی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز ئەبێ .

● لە ساڵانی پیشودا لەو ساڵانەدا کە ئاهەنگی نەورۆز لە کورد قەدەغە کرابو ... وەختێ تاریکایی شەوی ٢١ی مارتدا ئەهات سەرەڕای هەموو راونانو گرتنو لێپرسینەوەیەك ئەکرایەوەو لەماڵانیشدا کۆڕی خۆشی ئەگێڕدراو جەژن ئەکرا .

● لەبیرمە ساڵێکیان نەورۆزمان لێ قەدەغە کرابو ، چەند ئۆتۆمۆبێلێکی پڕ لەقوتابی

بڕوانە ل : ٧



تۆمار

نیە لە ممکنو ئیمکان خەتاوو سەهوی نەبێ بەغەیری خوا جەیی دیوانی « علم الاسماء »

حاجی قادری کۆیی .. فەیلەسوفی سەدەی نۆزدەهەمی کورد لەپاش لیکدانەوەو بەراورد کردنیکی شاعیرانە ئەم دێڕە شیعرەی سەرەوەی داناوە .

حاجی قادر پێ لەو واقیعە ئەنێت کە هیچ کەسێك بێ هەڵەو خەتا نابێ وەبەتایبەتی ئەوانەی کە بەرهەمیان هەیە ..

حاجی تەنیا یەك کەسی بەبێ خەتاو سەهو داناوە کە هیچ کەس قودرەتی نیە پەنجەی بۆ درێژ بکات ..

ئینجا خزمینە وەرن با لە ناوەرۆکی شیعرەکە بگەین ..!

شیعرەکە سەرزەنشتی ئەو کەسانە ئەکات کە هەمیشە بەشوێن ئەوەدا ئەگەڕێن هەڵەیەکی بچوك لەیەکێکدا بدۆزنەوەو ئاژاوەیەکی پێ بەرپابکەن ..

روی نهێنی ئەم شیعرە روو لەو کەسانە ئەکات کە هەڵەی گەورەی خۆیان نابینن و بەڵام بەزەرەبین تەماشای هەڵەی بچوکی خەڵکی ئەکەنو داوایان لێ ئەکات سەرنجێکی خۆشیان بدەن !! بۆ ئەوەی لەوری ناشارەزایی یا نەوە تێنەکەوون و شارەزای خۆشیان بین .

ـ برهان ـ

هاوکاری : راستە هەموو کەسێك لەوانەیە دووچاری هەڵە ببیت بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنیت کە ئیتر چاو لەهەڵەی خەڵکی بپوشریتو رەخنەو رەخنەگرتن لە فەرهەنگی قسەو نوسینیدا بسردرینەوە .

institut kurde de paris